# ده بڕۆ، سەگی ئازام، ده بڕۆ!

ئێپیستیمۆڵۆگیی لایەنی ناڕوونی تێکست

# دە بڕۆ، سەگی ئازام، دە بڕۆ!

ئێپیستیمۆڵۆگیی لایەنی ناڕوونی تێکست

فەرهاد شاکەلی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەرهاد شاکەلی
دە برۆ، سەگی ئازام، دە برۆ!
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٧٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریە موتەقییان

بۆ کاک خەبات عارفی هاوڕێم؛
هەر کاتێک دوو بە دوو دادەنیشین،
شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەبێتە کەسی سێیەم.

# ١

شاعیرانی کلاسیکی کورد، له پلەی جیاوازدا، هەوڵیان داوه زمان له ئاستێکی هونەریی بەرزدا بە کار ببەن، نەک تەنیا وەک کەرەستەیەکی دەربڕین و تێگەیاندن، بەڵکه وەک ئافەریدەیەکی جوان و وردیش کە هەم وەگەڕخستنی و هەم تێگەیشتنی بنەماکانی، هۆشیارییەکی دەوێت له سەرووی هۆشیاریی ئاساییەوه بێت. مەلای جەزیری ڕێچکەی شاعیرانی فارس دەگرێت، وەک حافز و جامی. له جێی ئەوەی تاکه تاکەی وشە بکاتە "لوغز" و سەری خوێنەری پێ گێژ بکات، یا هۆشیاریی خوێنەری پێ بپێوێت، ئەو بابەتێک دەکاتە ناوەڕۆکی یارییە هونەرییەکەی، کە لەسەر بنەمایەکی مەنتیقی هەڵچنراوه. بەڵام ئەو هاوکێشە مەنتیقییەی له شیعرەکەدا دەبێتە گرێ، مەنتیقی پێچەوانەی تیگەیشتنی باوه، مەنتیقێکه دەبێ تۆ بۆ شیکردنەوەی، پەنا ببەیتە بەر هەندێ بنەمای تازه، کە ڕەنگه بتوانین ناویان بنێین "دژەمەنتیق." جەزیری له قەسیدەیەکی ناوداریدا دەفەرمووێت:

مەی نەنۆشی شێخی سەنعانێ غەلەط

ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانێ غەلەط

هەر لە سەرەتاوە دەتخاتە بەردەم دووڕێیانێکی نائاسایی. ئەگەر پێت وایە شێخ و سۆفییەکی گەورەی وەک شێخی سەنعان (خانی دەڵێ پەنجا جار حەجی کردووە) نابێ و ناکرێ مەی بنۆشێت و لەپێناوی کچێکی گاوردا بچێت بۆ ئەرمەنستان، ئیدی دەبێ واز لە خوێندنەوەی شیعرەکە بهێنیت. ئەگەر بتەوێ بەردەوام بیت، دەبێ تۆ دەستبەرداری مەنتیقی باو ببیت و بیر و هۆشت بە شێوەیەکی دیکە و جیاواز بە کار بهێنیت. جەزیری چاوەڕێی تۆ ناکات، بزانێ بڕیاری چیت داوە. ئەو وەرامی خۆی پێیە و بەپێی بیرێکیش دایڕێشتووە کە تەنانەت لەگەڵ بنەماکانی دینی ئاسایی و شەریعەتیشدا ناگونجێت. لێرەدایە کە تەسەووف دێت بە هانای مرۆڤی بێدەستەڵات و پێپەست و ناتواناوە.

ئەحمەدی خانی، وەک جەزیری، دژی مەنتیقی ڕۆژانە و باو ڕادەوەستێت، بەڵام خانی دەتخاتە ناو گێژاوێکی فەلسەفییەوە کە لێدەرچوونی پەلەقاژەیەکی زۆری دەوێت. یەکەمین جار کە تاجدین و مەم چاویان بە ستێ و زین دەکەوێت، ئەوان کچن و ئەمان کوڕ، چونکە ئەوان جلی کچانەیان پۆشیوە و ئەمانیش جلی کوڕانە. دەی کەواتە چۆن عاشقی یەکدی دەبن؟ خۆ ناکرێ بڵێین هەر چواریان هاوجنسباز (هاوجنسخواز – هۆمۆسێکچواڵ) بوون. تاجدین و مەم دەیانزانی خۆیان کوڕن، ئەی بۆچی حەزیان لە دوو کوڕ کرد؟ ستێ و زینیش دەیانزانی خۆیان کچن، کەچی حەزیش لە دوو کچ دەکەن. خانی یاری بە تاکە وشەیش دەکات. یارییەکانی سەرنجڕاکێش و جوانیشن. لە هەردوو بارەکەدا، چ بەکارهێنانی

دژەمەنتیق و چ وردەکارییەکانی سێمانتیکی وشە، خوێنەر ناچار دەبێت لە بازنەی تێگەیشتنی باوی مەنتیق و زمان بچێتە دەرەوە.

نالی هەندێ جار لە جەزیری و خانییش ئەولاوەتر دەچێت. کێ ئەوەندەی مامۆستا مەسعوود محەمەد لایەنی ئێستێتیکی و زمانەوانیی شیعرەکانی نالیی ناسیوە و شی کردووەتەوە؟ جارێکیان کتێبی ''چەپکێک لە گوڵزاری نالی''ی مامۆستا مەسعوودم دەخوێندەوە (نازانم چەندەمین جار بوو دەمخوێندەوە)، لە شوێنێکدا ئەم بەیتەی نالی شی دەکاتەوە:

نالی بە داوەشەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

لەپڕ وام هەست کرد کە سەرباری لێکدانەوەکانی مامۆستا مەسعوود، ئەو بەیتە لێکدانەوەی دیکەیش هەڵدەگرێت.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی سەروسەودایەکی باشی لەگەڵ وردەکاریی زمانەوانیدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز و لە پلەیەکی دیکەدا. ئەو نایەوێ لوغزەکانی هێندە داخراو بن کە بە هیچ کەسێک نەکرێنەوە، بەڵکە خۆی چمکێکی وشە نادیارەکەت بۆ دەردەخات بۆ ئەوەی زووتر ڕێ ببەیتە سەری. منیش بینیومە و دڵنیام تۆیش بینیوتە: منداڵ جاروبار بە جۆرێک خۆی دەشارێتەوە کە باوکودایک، یا خوشکوبرا، یا کەسانێک کە وازیی لەگەڵ دەکەن، بە ئاسانی بیدۆزنەوە. ئیتر بەم شێوەیە یارییەکە چەندبارە دەبێتەوە. شێخ ڕەزایش وەها دەکات. ئەو کە دێت وشەکانی کەرەم (واتە

بەخشندەیی) و کەرە (نڤیشک) و کەر (گوێدرێژ) لە چوارینێکدا کۆ دەکاتەوە، زۆری بە لاوە گرنگە تۆ هەڵە نەکەیت و لە ڕێ دەرنەچیت و ڕاستەوڕاست لەوە بگەیت کە کاتێ ئەو دەڵێ (مەمنوونی ئەو کەرەم)، تەنیا مەبەستی مامە شێخ ساڵحە. شێخ ڕەزا هێندە سافیلکە نییە نەزانێت (کەرە) بە شێوەیەکی ڕاست گەردان بکات و بڵێت (ئەو کەرەیە)، بەلام یارییەکە ئەم خۆگێلکردنەی پێویستە.

هەر ئەم وشەی (کەر)ە لە شیعرێکی دیکەیشدا دەبێتە بابەتی ئاڵۆزاندنی زمان، بەڵام بە شێوەیەکی سادەتر لەو شیعرەی پێشوو:

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن، یاران، چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە!

لێرەدا هێندەی زمان دەبێتە کرۆکی لایەنی ناڕوون و مەعنای شاراوە، ئەوەندەیش و ڕەنگە لەوەیش زیاتر مەنتیق نەخشی هەیە، بەڵام مەنتیقێک کە بە ڕواڵەت بە زیانی حەزرەتی شێخ ڕەزا خۆی دەشکێتەوە. ئەو دەیەوێت دۆڕاو بێت، دەیەوێت تۆ هەست بە سەرکەوتن بکەیت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بەو دۆڕانە ڕواڵەتییە شێخ یارییەکە دەباتەوە.

لە زۆر شیعری دیکەیشیدا شێخ ڕەزا ئەم جۆرە دۆڕانە ڕواڵەتییانە دووبارە دەکاتەوە لەپێناوی سەرکەوتنێکدا کە تۆزێک دواتر دێت. سەرکەوتنەکەی شێخ ڕەزا پێوەستە بە وردکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زمانەوانییەوە، کە زۆریش قووڵ و پێچەڵپێچ نییە.

# ٢

لایەنی ناڕوونی تێکست هەمیشە بە هۆی بیرێکی فەلسەفییەوە یا بە هـــۆی فـرەتوێـــژیی وشـــەیەکـــەوە ڕوو نادات [فـرەتوێژ: Multilayered]، بەڵکە جـاری وا هەیە ڕێزمـــان دەبێـــتە هۆی ناڕوونی. کـاری ڕێزمـان ڕێکخسـتن و ڕوونکردنەوەی بنەمـاکانی زمانە، نەک ئاڵۆزکردنی، بەڵام ئەوەیش ڕوو دەدات کە هەر بە هۆی ڕێزمانەوە یا یەکێک لە بنەماکانی ڕێزمانەوە، ڕستەیەک پێویستی بە ڕوونکردنەوەی پتـر دەبێت بۆ ئەوەی خـوێنەر یا گـوێگر تێی بگات.

لە زمـانی کـوردیدا ڕاناوی کـەسـەکـیی سـێـیەم کـەسی تاک، جاروبار گرفتێک دروست دەکات، ئەگەر کەسانی کارا دوو سێیەم کەس یا زیاتریش بن، چونکە تۆ نازانیت باسی کام سێیەم کەس دەکرێت. لەم یەک دوو مانگەی دواییدا دەرسی تێکستی کلاسیکی کـوردیم بە خـوێندکـارانی بەشی کـوردیی زانسـتگەی ئوپسـالا دەگوتەوە. جـارێک نموونەیەکی ئینجـیلمـان دەخـوێند، ئینجـیلی مـارکوس، کە لە سـەرەتای سـەدەی بیستـەمدا تـەرجەمـەی کوردی کـراوە. بڕگـەیەکـمـان تووش بوو، وەها بـوو: "وە کـە بـە قــەراغی

بەحری جەلیلێدا دەڕۆی: شەمعوون و ئەندریاس برای شەمعوونی دی کــە تۆڕیان دە بەحـــرێ داوێشت''. لێـــرەدا دوو جـــار ناوی شـەمـعـوون هێنراوە، بۆ ئەوەی خـوێنـەر بزانێت ئەو ئـەندریاسـەی مەسیح بینیویەتی برای شەمعوونە نەک برای مەسیح خۆی. ئەمە لە زمانێکی وەک زمانی سوێدیدا زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت چونکە ڕاناوی خاوەنێتی بۆ سێیەم کەسی کارا و سێیەم کەسی بەرکـاری ڕاسـتـەوخـۆ (ئەکـووزاتیڤ: Accusative) و بەرکـاری ناڕاسـتـەوخـۆ (داتیڤ: Dative) جـیـاوازن. لە سـوێدییـەکـەدا نووسراوە: ''سیمۆن و ئەندریاسی برای بینی''. هەر لەو سالانەدا ئینجیل تەرجەمـە کراوەتە زاراوای کـرمـانجـیـیش. وەرگـێـڕی کـرمـانجـیـیـەکەیش بـۆ ڕەواندنەوەی ناڕوونی، پەنـای بردووەتە بەر دووبارەکردنەوەی ناوی شەمعوون: ''گاڤا ب هێشییا بەحرا جەلیلێ دگەڕییا، دیت کو سەمعوون و ئەندراوسێ برایێ سەمعوون تۆڕ دهاڤێتنە بەحرێ''.

هەر لەو بەشەی ئینجیلدا نووسراوە: ''وە خەسووی شەمعوون بە نۆبەتێ کەوتبوو. وە زوو خـەبـەریان لەوی بە وی دا''. کێ لەبارەی کێیـەوە ئاگادار کـراوەتەوە؟ ناتوانین بزانین. دیارە وەرگێـڕەکەی ئینجیلیش نەیتوانیـوە ئەم ناڕوونیـیـە چارەسـەر بکات. بەڵام کـە تەرجـەمـەی سـوێدی یا ئینگلیـزی دەخـوێنینەوە، تێـدەگـەین مەسیحیان ئاگادار کردووە کە خەسووی شەمعوون تای هەیە و لە جێگەدا کەوتووە.

سوورەتی یووسوف لە قورئانی پیرۆزدا یەکێکە لەو سوورەتانەی

کە هەرگیز لە خوێندنەوە و بیستنی تێر نابم. ئایەتی سەدەمینی سوورەتی یووسوف دەفەرمووێت: "ورفع أبويه على العرش وخروا له سجدا..." هەژار وەهای کردووە بە کوردی: "دای و بابی وە بان تەختەوە نیشاند و هەموویان کڕنووشیان بۆ کرد." من ڕەنگە ئەو ئایەتەم سەد جار گوێ لێ بووبێت یا خوێندبێتەوە، بەڵام هەرگیز بۆم نەدەچووەوە سەر یەک. ناڕوونییەکەیش لەوەوە هاتبوو، من وام بیر دەکردەوە یووسوف خۆیشی، کە لەو کاتەدا عەزیزی میسر بوو، لەسەر تەخت دانیشتووە. کەواتە چۆن باوکودایکی خۆی بەرز کردەوە و لەسەر تەخت داینیشاندن؟ ئەی ئەگەر ئەوانەی کڕنووشیان کردووە (یا بردووە!) براکانی یووسوفن، بۆچی ناگوترێ کڕنووشیان بۆ هەرسێیان، یووسوف و باوکودایکی، کرد؟ ئەمساڵ کە یەکەم جار فیلمی یووسوفم بینی، ناڕوونیی ئەو ئایەتەم، تا ڕادەیەک، بۆ ڕوون بووەوە.

لایەنێکی ڕێزمانی کوردی کە دەبێتە هۆی ناڕوونی، ئەوەیە کە پێی دەگوترێ ئێرگاتیڤ [Ergative]. لە کوردیی کرمانجیدا ئێرگاتیڤ کار دەکاتە سەر ناو و ڕاناویش، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا تەنیا کار دەکاتە سەر ڕاناو. تۆ کە دەڵێی: "بۆت هێنام" یا "بۆم هێنایت"، بە ڕاستی بۆ کەسێکی ناکورد، بەتایبەت ئەگەر شارەزای ڕێزمان نەبێت، هەڵاواردنی ئەم دووە یەکجار سەختە. ئێرگاتیڤ لە کوردیی کرمانجیدا یەکجار لەوەیش ئاڵۆزترە، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆر کوردی باکوور دەناسم نازانن ئەو ڕستانەی ئێرگاتیڤیان تێ دەکەوێت، بە کار بهێنن.

ڕێنووسـیش، وەک ڕێزمـان، هەندێجـار دەبێتـە هۆی شـێـواندنی ناوەڕۆکی وشــە و ڕسـتـە. ئەگـەر یـەکـێک کـات و هـەوەسـی ئەوەی هەبێت تەمـاشـای ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکـان بکات، دڵنیـام لە هەر تـاکــە ژمـــارەیەکــدا ســەدان هـەڵەی ڕێنووس دەدۆزێتــەوە، هەندێکیان هێندە گەورە و ناقۆڵان کە دەبنە هۆی ئاوەژووکردنەوەی مـەبەست و ناوەڕۆکی نووسینەکە. پۆسـتپۆزیسـیۆنی (دا)، هەر بۆ نموونە ئەمە باس دەکەم، کە بە دوای پریپۆزیسـیۆنی (لە)دا دێت، یەکـێکە لـەو هەڵە سـەیرانە کـە چاپەمـەنیی کوردی و بـەشی هەرە زۆری نووســەرانی کورد بە دەسـتیـەوە دامـاون. لەو جێگەیـەدا کە دەبێ بە کاری بهێنن و بینووسن، ناینووسن، کەچی لەو جێیەدا کە پێــویست نیــیــە و نـابێ بە کـار ببـرێت، بە کـاری دەبەن. پێـوە نووســاندن یا بە جـیـا نووســینیش دەتوانێت مــەعنای ڕســتــە لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت. لەم دوو ڕستەیە ورد ببەرەوە:

١- بەم سەرمایە دەستکێشت لە دەستدا بێت چاکترە.

٢- ئەگەر پارەکەت لە دەست دابێت، تازە ناتوانیت هیچ بکڕیت.

بەشــێکی زۆری ئـەم بابـەتانـەی لێــرەدا بـاسم کــردوون، لایـەنی تەکنیکیی نووســین، کــە ڕەنگە بکرێت لە بوارێکی زمــانەوانیــدا باشــتـر لێـیــان بکۆڵرێتــەوە، ئەگــەرچی لایەنی تـەکنیکی و لایەنی مەنتیقی زمانەوانی و مەنتیقی فەلسەفیی نووسین هێندە لە یەکەوە نزیکن و تێکەڵاون کـە جـیـاکـردنـەوەیان کـاری کـردن نیـیـە. لای شاعیرانی سـۆفی هـەستی ئێستێتیکی هێندە بەرز و مـشتومـاڵکراو و پەرداخـتـە، کـە سنوورێک لەنێـوان مـیـتـافـۆرە زمـانکردەکـان و

بیرەکانی سەر بە ڕۆحدا نابینین. شێخ مەحموودی شەبوستەری (١٢٥٠؟–١٣٢٠؟)، نووسەری (گلشن راز: گولشەنی ڕاز) دەفەرمووێت:

لفظ چون وکر است و معنی طایر است
جسم جوی و روح آب سایر است

هەر بەرهەمێکی شاعیرانی سۆفی وەربگریت، سەدان مرواریی درەوشاوە و بریسکەداری هونەر و جوانی و بەرامە و ڕازی تێدا دەدۆزیتەوە. ڕەنگە (شەتەحییات یا شەتحییات)ی سۆفییەکان نموونەی هەرە بەرزی تێکستی ناڕوون بن، بەڵام ناڕوونییەکی پڕاوپڕ لە مەعنا و هۆش و هەست و بیرکردنەوە، چونکە بە زمانی دڵ نووسراون.

ناڕوونی هەر ئەوە نییە کە ناوەڕۆک یا بەشێکی بچووکی ناوەڕۆک شاراوە بێت و نەکەوێتە پێش چاوی یا زەینی خوێنەر. من پێم وایە ئەو ڕاستییەیش کە تێکست بە شێوەیەکی یەکتوێژە لێک بدەیتەوە، یا ناچار بیت وای لێک بدەیتەوە و توێژەکانی دیکە نەبینیت، ئەوەیش دیسان هەر ناڕوونییە، ئەگەرچی لێرەدا ناڕوونییەکە هێندەی دەستکردی نووسەرە، لەوەیش زیاتر کەمتواناییی خوێنەرە لەوەدا کە توێژە جیاجیاکانی میتافۆر، یا وێنەی شیعری، یا هەر بیرێکی بە وشە داڕێژراو بناسێتەوە و ڕێ بباتە سەریان. نووسەر لەوە بەرپرسیار نییە ئەگەر خوێنەر نەتوانێت گرێیەکانی تێکست بکاتەوە و ئاڵۆزییەکانی تا ڕادەی

تێگەیشتن هەموار بکات. بەڵام خوێنەر کاتێک ئامبازی تێکستێک دەبێت، ئەو ئەرکە هونەرییە دەخاتە ئەستۆی خۆی کە هەموو توانستە هۆشەکی و هونەری و زمانەوانییەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ حاڵیبوون و پەی بردن بە ڕێگا و کوێرەڕێگاکانی جیۆگرافیای تێکستەکە. سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خوێنەر لەم ئەرکەدا ئەو پاداشتە، یا ئەو سزا، ئێستێتیکییەیە کە دەبێتە بەشی. ئەمە ڕێک وەک ئەو خۆشی و شانازییە وایە کە شاخەوانێک دوای هەڵزنان و سەرکەوتن بە شاخێکی ڕک و سەخت و بەرزدا هەستی پێ دەکات، یا پێچەوانەکەی. شاخ نە داوا و نە زۆری لە کەس نەکردووە بێت پێیدا هەڵزنێت. بەڵام کونجکۆڵیی مرۆڤ حەزی لەو جۆرە سەرکێشییە دەخاتە دڵ و دەروونەوە.

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کەم کەس هێندەی نالی بە عەشقەوە دەست بۆ زمان دەبات و کاری لەگەڵدا دەکات. میتافۆرەکانی شیعری نالی لەو بابەتەن کە زۆرجار دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر لێک بدرێنەوە. ئەمەیش بەرهەمی بەکارهێنانی مەنتیقێکی قووڵی زمانەوانییە، یا بەرهەمی مەنتیقی بەراوەژووە. وشە لە شیعری نالیدا، ئافەریدەیەکی فرەتوێژەیە. تۆ ئەگەر دەتەوێ بەهرەی تەواوی لێ وەربگریت، دەبێ بە یەک لێکدانەوە، یا بە لێکدانەوەیەکی یەکتوێژە، بەس نەکەیت.

شیعرێکی نالی هەیە بەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێ: ''نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ...''. ئەمە لە شیعرە ئاسان و تا ڕادەیەکیش سادەکانی نالییە. زۆربەمان ئەگەریش

نەمانخوێندبێتەوە ئەوا بە گۆرانی گوێمان لێ بووە. دوا بەیتی ئەو شیعرە دەڵێت:

له حەسرەت سەروی قەددت چاوی نالی
دو[و] جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ

[لە هێندێ چاپدا نووسراوە: قەددی سەروت]

بەپێی خوێندنەوەی کۆنی شیعر دەبێ هەر بەیتێکی غەزەل وەک هەبوویەکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت و تەنانەت جێگۆڕکێی بەیتەکانیش کار نەکاتە سەر ڕایەڵەی شیعرەکە. بەڵام بە شیکردنەوەیەکی ستروکتورالیستانە، تۆ دەزانیت غەزەل یا قەسیدە قەوارەیەکی یەکگرتووی هونەرییە و هەموو جمگەکانی پێکەوە بەستراون. لێکدانەوەی ڕواڵەتییانەی بەیتەکە ئەوە دەگەیێنێت کە نالی هێندە تاسەی باڵای سەرووئاسای یار دەکات، کە لەبەر گریان و فرمێسکرێشتن، هەردوو چاوی بوونەتە دوو جۆگە، نەک هەر دوو جۆگە، بەڵکە دوو ڕووباریش. هەتا ئێرە هیچ ناتەواوییەک لە بەیتەکەدا و لە لێکدانەوەکەدا بە دی ناکرێت. بەم لێکدانەوەیەیش هیچ کەمنرخاندنێکی کارەکەی نالی نەکراوە و تووشی هیچ زۆرداریيەکیش نەهاتووە، چونکە یەکەم خوێندنەوەی ڕواڵەتییانە هەر هێندەی لە باردایە. بەڵام بۆ خوێنەرێکی کونجکۆڵ و بۆ کەسێک توانست و بەهرەی هونەری و زمانەوانیی نالی بناسێت و هەمیشە بە ترسەوە لێی نزیک ببێتەوە، دەبێ بە وردی چاو بگێڕێت نەوەک نالی، خۆی گوتەنی، "داوە شەعر"ێکی

وردی بۆمان نابێتەوە.

له چەند بەیتێکی سەرووتردا کۆمەڵێ وێنەی شیعری هەن دەکەونە بەر بنەمای مەنتیقێکی تایبەتی، کە لە یەکەم سەرنجدا وا پێدەچێت مەنتیقی ئاوەژوو بێت. چونکە لە هەر یەکێکیاندا دوو ڕاستی بەرانبەر یەکتر ڕاگیراون کە پێچەوانەی یەکدین. نالی دەڵێ:

لە لای من با وجوودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

ڕاستە، بە تێڕوانینێکی ڕووالەتییانە، ئەم وێنەیە مەنتیقێکی ئاوەژووی تێدایە، چونکە لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو خەڵکەدا، نالی وا هەست دەکات ئەو شارە چۆڵەوانییە و کەسی تێدا نییە. کەس بۆ ئەو هەر یەک کەسە، ئەویش دڵبەرە، یارە. بەڵام من بەمە ناڵێم مەنتیقی ئاوەژوو. ئەمە مەنتیقێکە لەگەڵ تەبیعەت و بیرکردنەوەی مرۆڤدا گونجاوە و هەر تەنیا نالی نییە کە وا بیر دەکاتەوە، لەوەیە تۆیش و منیش و کەسێکی نەخوێندەواریش هەر وا بیر بکەینەوە.

لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێ:

لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لە لای من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ

لێرەیش هەر ئەو مەنتیقەیە دووبارە دەبێتەوە: ئێرە کە تۆی تێدا نییت، تەنانەت خەرمانی گوڵیش وەک دڕک وایە. لای تۆیش، چونکە

خـــۆت لەوێـیت، تەنانـەت دڕک و داڵـیش دەبـنـە گـــوڵ، چـونکە تـۆ سەرچاوەی جوانی و نەرمی و شینایییت. کەواتە وێنە شیعرییەکە لە مــەنتـیــقی شــەکـڵی لای نەداوە، ئەگــەرچی دوو لایەنی نـاکـۆک ڕوویان لە یەک کردووە.

ئەوەی یەکەم جار لە بەیتەکەی "باڵای سـەرووئاسای یار و چاوی ڕووبارئاسای نالی"دا دەخوێنرێتەوە هاوکێشـەیەکی زۆر ئاسایی و ڕۆژانەیە، کـە دەکـرێ لە هـەر شـوێنێک و بۆ هـەر کـەسـێک دووبارە ببێتەوە. بـەڵام بە لابردنی توێژی یەکـەم و گـەڕان بە دوای توێژێکی دیکەدا، تووشی داچڵەکانێک دەبین کە کرۆکی هونەرەکەی نالییە. لە ژیانی ئاساییدا و بەپێی مەنتیقی ئاسایی، دەبێ سەروو، یا هـەر دار و شـینایی بـە گـشـتـی، تاسـەی ئاو بکات. بـەڵام لە بەیتـەکـەی نالیـدا، سـەرچاوەی ئاو، کـە نەک دوو جـۆگـە، بەڵکە دوو ڕووباری چاوی نـالیــە، تاسـەباری داری ســەروە. لە جـێی ئەوەی دار بۆ دووریی ئاو بگریێت، لای نالی، سەرچاوەی ئاوە کە بۆ دووریی دار دەگـریێت. مــەنتــیــقی ئاوەژوو ئـەمــەیە. هەر لەبەر ئەوەیشــە بە ئاشکرابوونی ئـەم ڕازە تووشی داچڵەکان دەبـین. خانمە شـاعیری ئەمـەریکی جـەین هیـرشـفیلد دەڵێت: "ناچاوەڕوانکراو دەکرێ لە وشـە، سینتاکس، چەمک، وێنەی خـەیاڵ یا ڕەوانبێژیدا ڕوو بدات. داچڵــەکێن ئەو دەروازەیـەیە کـە نـوێ، تازە، دەبێ بەنـاویدا بڕوات. ئەگەر لە شیعرێکدا شتێک کەسانی دیکە دادەچڵەکێنێت، کەواتە دەبێ پێشتر، یەکەم جار، دانەرەکەی داچڵەکاندبێت."

بێگومـان نالی زۆر پێش ئێـمـە، هەر ئەو شـەوەی شـیـعـرەکـەی

نووســـیـوه، تووشی داچڵـەکین بووه. زۆریشـی پێ خــۆش بووه ئەو ناڕوونیــیـە بۆ ئێـمـە بە جـێ بهـێـڵـێت، بۆ ئـەوەی ئێـمــەیش، هەر کێیـەکمان شیـعرەکە دەخوێنێتەوە و بە دوای دەرگا داخراوەکانیدا دەگەڕێت، تووشی ئەو حەپەسانە و ئەو داچڵەکینە ببێت.

# ٣

هەڵوێستی هەرە ئاسایی لای شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەڵوێستی دەستەڵاتداری و سەردەستی و شانازی بە خۆوەکردن و خۆگەورەبینین و ملشکاندن و تەفروتووناکردنی بەرامبەرەکەیەتی. ئەگەرچی من بە هیچ جۆرێک ناتوانم ئەم هەڵوێستانە بە دڵڕەشی، لووتبەرزی یا ملهوڕی دابنێم. هەڵوێستەکانی شێخ ڕەزا هەڵوێستی ئێستێتیکین، هەڵوێستی شیعری و زمانەوانین، هەڵوێستی هونەری و ڕەوانبێژین. ئەو تەنیا لە چوارچێوەی وشە و ڕستە و دەربڕینی هونەریدا خۆی ڕادەنێت و هەڕەشە و گوڕەشە دەکات. تۆ سەرنجی ئەوە بدە کە شێخ ڕەزا لە سەردەمێکدا ژیاوە، هێشتا پاڵەوانەتیی تاکەکەسی و ئازایەتی و سوارچاکی و شمشێروەشاندن و تەنانەت کوشتن و برین و تاڵانکردنیش باوی هەبووە و بەشێک بووە لە فەرهەنگی پیاوەتی لە کوردەواریدا. بەڵام شێخ ڕەزا هەرگیز باسی پاڵەوانەتیی خۆی ناکات. لە هیچ شیعرێکدا نەهاتووە چیرۆکی شمشێرکێشی و گورزوەشاندنی خۆی بگێڕێتەوە، چونکە چیرۆکی وەهای نییە و ڕابوردوویەکی لەو چەشنەی نەبووە. تەنانەت لەو شیعرەیشدا کە بە هەڕەشەوە داوای

بەرخەنێر لە خزمەکانی خۆی دەکات:

بەرخەنێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەنمەرە
دێم بە گژیا دەیدرم، گەر فیلمەسەل شێری نەرە

تۆ دەزانی هەرەشەکەی (فشەگاڵتە)یە و تەنیا قسەیە، چونکە هەر بەیتێکی دواتر زۆر بە سادەیی مەرجەکانی خۆی دیاری دەکات "تا نەقەومێت و نەزانن ئەم هەمووو شۆڕ و شەڕە..." و بە ناردنی بەرخێک، گیسکێک، یا بزنێک سازش دەکات. لە شیعرێکی دیکەیدا داوای خەڵات و پاداش دەکات، لە پای ئەو هەموو شیعرەی بۆ پەسن و پێداهەڵدانی عەشیرەتی گوتوون، کە دیارە ڕاستیش ناکات، لە دوا دێڕیشدا هەڕەشەیەکی تەماوی و نادیار دەکات: "... گەر هیچ نەنێرن یا ستار!". مەرجەکەیشی هێندە بێنرخ و کەمبایەخە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شان و شەوکەتی شێخدا ناگونجێت. خۆیشی دەزانێت "گەر نەنێرن" هیچ ڕوو نادات و هیچیش ناقەومێت. ئەمە ئەو بنەڕەتە کۆمەڵایەتییەی کوردەوارییە کە دەڵێت "هەڕەشە نیوەی پیاوەتییە".

شێخ ڕەزا خەڵکی دیکە دەکاتە پاڵەوان: شێخ ستار یا عوبێدی فیلەتەن یا شێخ محەمەد عەلیی مامی، بەڵام خۆی نا. چەکی هەرە بەکار و ترسێنەری شێخ ڕەزا "ئالەت"ەکەیەتی، کە پێی وایە ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە و ناسراو و "مەعهوود"ە. ئەو تا ئەو ڕادەیە شانازی بە ئالەتەکەی خۆیەوە دەکات، کە وەک هێزێکی سەربەخۆ دەیبینێت، وەک هەبوویەکی خاوەن کەسایەتیی

جـیـاواز، نەک وەک بەشـێک لە لەشی خـۆی. زۆرجـار خـۆی و ئالەتەکـەی وەک دوو هاوپەیمان باس دەکـات، ئەگـەرچی هەندێک جار سنووری ئەم سەربەخۆیی و جیاوازییە، بۆ بەرژەوەندیی خۆی، دەڕووشێنێت.

مەبەستی ئەم باسـەی من ئەو لایەنانەی شیعری شـێخ ڕەزا نییە، کـە دیارە لەو ڕووەوە زۆر شـتم هەیە بۆ وتن و بۆ نووسین، بەڵکە پێشـاندانی ئەو نـاڕوونییـەیە کە لە هەندێ تێکستی شـێخ ڕەزادا دەبینرێت و پێویستی بە لێکدانەوەیە.

لەگـەڵ ئەو هەمـوو بەخـۆنازین و خۆڕانانەیشـدا، زۆرجار شـێخ نـەخـشـێکی دیکە بۆ خـۆی دادەنێت: نەخـشی کـەسـێکی زیانلێکەوتوو، دۆڕاو، نەزان، شکاو و لاواز. بەڵام شـێخ ڕەزا هەروا بە خـۆڕایی خـۆی ناخـاتە بارێکی وەهاوە ئەگـەر بە تەمـای سـەرکـەوتنێکی گـەورە و دەسـتکەوتێکی مـەعنەویی چاک نەبێت. مەنتیقی ڕواڵەتیی هەندێک لە هەڵوێستەکانی شێخ ڕەزا مەنتیقی لاوازی و دۆڕانە، بەڵام ئەمە تەنیا یاریکردنە بە وشـە و تاکتیکێکە بۆ فریودانی خوێنەر. ئـەمە پـەردەیەکە بۆ شـاردنەوەی ئامـانجێکی دیکە، کە دواتر ڕوون دەبێتـەوە. ئەگەرنا نە دۆڕان لە ئارادایە و نە شکان، بـەڵکە ئەوەی بردوویەتیـەوە و سـەر کـەوتووە شـێخ ڕەزایە نەک بەرانبـەرەکـەی. شـێخ لـە شیـعرێکدا باسی ئەوە دەکـات کـە لەگەڵ مەلادا زەرفێنی کردووە و دۆڕاندوویەتی:

ئەی مـەلا تـۆ قـەت لە زەرفـێندا وەها خـێـرا نەبووی
یا لە حیزیی بەختی من، یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو.

تۆ کە ئەمە دەخوێنیتەوە وای بۆ دەچیت کە شێخ ڕەزا یارییەکی دۆڕاندووە و خۆیشی دان بەم دۆڕاندنەدا دەنێت و پێ لەوە دەنێت کە مەلا لە زەرفێندا خێرایە (زیرەک و لێزانە) بۆیە یارییەکەی بردووەتەوە. بەڵام وا نییە. شێخ ڕەزا بۆ دۆڕانەکەی خۆی، دوو هۆ دیاری دەکات: (یەکەم) نەبوونی بەخت (خۆی پێی دەڵێ حیزیی بەخت)، (دووەم) ئەو فێڵەی مەلا کردوویەتی کە موویەکی بەستووە بە مۆرەکەوە. هەر بەیتێک دواتر هۆی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە و نایەوێ بێبەختی یا بەدبەختی بکاتە هۆ. چۆن دەبێ شێخ ڕەزا بەختی نەبێت؟ نا، هۆی دیکە لە ئارادایە. شێخ هەر بەوە بەس ناکات کە ئەم تاکە سەرکەوتنە بە مەلا ڕەوا نابینێت، بەڵکە هەر هەموو ڕابوردوویشی دەسڕێتەوە. تۆمارێکی مێژوویی بۆ خۆی دروست دەکات کە هەمیشە زەرفێنی لە مەلا بردووەتەوە و ئەمە یەکەم جارە مەلا دەیباتەوە، کە ئەوەیش هۆی خۆی هەیە؛ هۆیەکەیش ئەوەیە مەلا فێڵی کردووە.

ئەی مەلا تۆ قەت لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی

(قەت: هەرگیز) لێرەدا وشەیەکی ناوەندییە. شێخ دەیەوێ بڵێ مەلا نەک هەر لەگەڵ ئەمدا، بگرە لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکەیشدا یاریی نەبردووەتەوە. کە ئەم تاکە جارەیش لە زەرفێندا خێرا بووە، لەبەر ئەوەیە فێڵی کردووە و موویەکی بەستووە بە مۆرەکەوە. شێخ ڕەزا ئەمە دەکاتە بیانوویەک بۆ ئەوەی هەرچی سووکایەتی هەیە بە مەلای بکات. هەموو لایەنە هونەرییەکانی شیعرەکە بە دەوری

مۆرەکەدا دەسووڕێنەوە کە گوایە مووی پێوە بووە. شێخ ڕەزا هیچ بوارێک بە مەلا نادات چاو بکاتەوە و بەرگرییەک لە خۆی بکات، بەڵکە بە جۆرێک بەڵگەبارانی دەکات کە دووهەزار جار لە دڵی خۆیدا ئاواتی خواستووە ئەو یارییەی بدۆڕاندایە و تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە نەهاتایە. ئەگەرچی لە سەرەتادا سێ ڕێگەی بۆ دادەنێت:

حاڵ لە سێ خاڵی نییە، تو خودا بە ڕاستی پێم بڵێ!
مووی سمێڵت، یا بەرت، یا کلکی یابووی پێوە بوو؟

پێش ئەوەی مەلا بواری دەست بکەوێت، لە ترسی ئەوەی زیاتر ئاوڕووی نەچێت، دان بەوەدا بنێت کە یەکێک لەو سێ گومانە ڕاستە، شێخ ڕەزا کۆمەڵێ بەڵگەی تازە دێنێتە پێشەوە و دەیەوێ ناچاری بکات ددان بە گومانەکانی دیکەدا بنێت، کە هیچیان لەوی دیکەیان چاکتر نییە: ١- مووی ڕزیوی پێستی دەبباغخانە؛ ٢- پەشمی پاشی مەلا؛ ٣- تووکی بن کلکی کەر؛ ٤- تووکی بارگیری مردوو. شێخ ڕەزا لەناو بەڵگەکانیدا زیاتر پێ لەسەر یەکێکیان دادەگرێت:

پەشمی پاشت بوو مەزەندە، چونکە وەختێ ڕۆژ هەڵات
دیققەتم دا دەوروپشتی زەرفەکان گووی پێوە بوو.

لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، دوایین بەیتی شیعرەکەیە کە لەگەڵ هیچ مەنتیق و هیچ بنەمایەکی قانوونی یا کۆمەڵایەتی یا

نەریتانەدا ناگونجێت، مەگەر تەنیا لەگەڵ مەنتیقی چاوقاییمی و ڕووداریی شێخ ڕەزادا:

داوەکەی مووین و گوویینت بە کاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو.

شێخ ڕەزا دەرگای ئەم ناڕوونییەی تێکستەکەی بە بەڵگەیەکی دەستکردی وا دادەخات کە تۆ نەتوانیت تەنانەت بیخەیتە ژێر پرسیاریشەوە. پرسیاری هەرچییەک بکەیت، تازە سوودێکی نییە؛ ئەو بڕیاری خۆی داوە و باسەکەی بڕاندووەتەوە.

ئەم تاکتیکە، تاکتیکی خۆ بە دۆڕاو پێشاندان، چەند جارێکی دیکەیش لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە دەستکەوتی گەورەتر و گرنگتر.

کاتێک شێخ ڕەزا دێت بە ڕستەیەک کە بە ڕواڵەت پەشیمانیی لێ دەتکێت، بەراوردی خۆی و مستەفا بەگی باجەڵان دەکات، تۆ پێت وایە ئەم بە ڕاستییەتی و هاتووە ئەزموونێکی خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە. ڕستەکەی هیی ئەوە نییە گومانی لێ بکەیت یا پەنا ببەیتە بەر لێکدانەوەی پێچ و پەناکانی، چونکە هەر یەکسەر پێ لەوە دەنێت کە ئەم گەوج و هێڕ بووە وەک مستەفا بەگی نەکردووە. ئەگەر گەوج نەبووایە و تۆزێ ئاوەزی بە کار بهێنایە، هەڵبەتە ئەمیش وەک مستەفا بەگی دەکرد:

ئەحمەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانێ بدەم

هەتا خەیاڵ و بیرکردنەوەی خوێنەر لە سنووری ئەم دێڕە تێنەپەڕێت، هەر وا دەزانێت شێخ ڕەزا خۆی بە دۆڕاو زانیوە و گلەیی لە بەخت و ناوچاوانی خۆی دەکات کە بۆچی ئەمیش وەک مستەفا بەگ لە تەمەنی لاوێنیدا ئەو کارەی نەکردووە. بەڵام کە دێڕی دووەمی بەیتەکە دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت کە ئەمیش دیسان نموونەیەکی دیکەیە لە "مەنتیقی بەراوەژوو". شێخ هەموو زیرەکی و چاوکراوەیی و هۆشیارییەک دەداتە پاڵ مستەفا بەگ، چونکە ئەو هێندە وریا بووە، لە تەمەنی ڕەواڵی و لاوێنیدا "داویەتی."

مستەفا بەگ چاکی کرد، تا ڕیشی هات هەر گانی دا.

تۆ سەرنجی ئەوە بدە کە تەنانەت لە هەڵبژاردنی وشەکانیشیدا، شێخ هێندە وریا و لێزانە، خۆی دەکاتە ئەو دۆڕاوە بێدەستەڵات و بەستەزمانەی کە هەلێکی مێژوویی و دەگمەنی لە دەست خۆی داوە، چونکە دەبەنگ و گەوج (ئەحمەق) بووە. دەبوو لەو تەمەنەدا کە هێشتا بواری ئەوەی هەبوو "بدات"، هەر نەبێ تەنیا یەک جار "بیدایە"، بەڵام ئەو تاکە جارەیشی لە دەست خۆی داوە. کەچی پەسنی مستەفا بەگ بەوە دەدات کە تا ڕیشی هاتووە "هەر" داویەتی. بەکارهێنانی (هەر) لەو ڕستەیەدا ئەوە دەگەیێنێت کە مستەفا بەگ لە پرۆسەی "دان"دا ماوەیەکی دوورودرێژ و بە شێوەیەکی چالاکانە بەردەوام بووە. ئێمە نازانین ئەو پرۆسەیە چەند ساڵ بەردەوام بووە، بەڵام دەزانین ماوەیەکی دوورودرێژ بووە و مستەفا بەگیش چالاکانە و بەردەوام "داویەتی." ڕەنگە لە

تەمەنێکی یەکجار بچووکەوە، تۆ بڵێ لە تەمەنی پێنج شەش ساڵانەوە، تا ئەو کاتەی ڕیشی هاتووە، واتە تا دەوروبەری شانزدە حەڤدە ساڵان، لەو بوارەدا چالاک بووە. شێخ ڕەزا دەیەوێت بڵێت مستەفا بەگ لە ماوەی دە دوانزدە ساڵدا "هەر" داویەتی، کەچی ئەمی گەوج و هێڕ و بەستەزمان بۆی نەلوا تەنانەت یەک جاریش بیدات.

ئەم هۆشیارییە زمانەوانییەی شێخ ڕەزا لە شیعری دیکەیشیدا بەرچاو دەکەوێت. پێم وایە لە نووسینیکی دیکەمدا باسی ئەوەم کردووە کە چۆن لە شیعرێکدا دوو کاری جیاواز بە کار دەهێنێت بۆ گێڕانەوەی دوو ڕووداوی هاوچەشن و لەیەکچوو:

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە
باوجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی

(دەرچوون) و (دەرپەڕین) زۆر جیاوازن و زۆر لە یەکەوە دوورن. یەکەمیان کردارێکە تۆ بە ئارەزووی خۆت ئەنجامی دەدەیت و دەتوانی بڕیار بدەیت بە چ شێوەیەک دەیکەیت، بەڵام دووەمیان دەبێ هێندە خێرا و بە پەلە ئەنجام بدەیت کە تۆ بواری بیرکردنەوە و نەخشەدانانت نییە. تۆ دەبێ هەرچی زووتر فریا بکەویت و خۆت ڕزگار بکەیت. من کە ئەم شیعرە دەخوێنمەوە دیمەنی (ئادەم) و (حاجی عەبدوڵڵا)م دێتە پێش چاو. ئادەم، لە ترسی یەک شەیتان،

هێنده بەتالووکەیە کە تەنانەت فریای ئەوە ناکەوێت کەوشەکانیشی لە پێ بکات و دەبێ هەتا زووە بەهەشت بە جێ بهێڵێت، خۆی ڕزگار بکات و دەرپەڕێت. کەچی حاجی عەبدوڵڵا نە پەلەیەتی و نە نیگەرانی هیچ شتێکە، ئەگەرچی سەد شەیتان دەوریان داوە و تەنگیان پێ هەڵچنیوە. ئەنجامەکەیش ئەوەیە کە ئادەم لە بەهەشت "دەرپەڕی"، بەڵام حاجی عەبدوڵڵا "دەرنەچوو." لێرەدا ئەگەر ئەنجامەکە بەو شێوەیە ببووایە کە حاجی عەبدوڵڵایش لە کۆیە دەربچووایە، دیسان دەبوو هەر ئەو بە زیرەک و ئازا و (فیلتر) دابنرێت، نەک ئادەمێک کە لە ترسی یەک شەیتان، هێندە بە پەلە و بە پڕتاو لە بەهەشت دەرپەڕیوە کە فریا نەکەوتووە تەنانەت کەوشەکانیشی بدۆزێتەوە و لە پێیان بکات.

هەر لەو دوو بەیتەدا شێخ ڕەزا مەودایەکی دیکەیشی لە بەرچاو گرتووە کە دەبێتە هۆی ئەوەی دۆران و دەرپەڕینەکەی ئادەم گەورەتر ببینرێت. ئەو کە دەڵێ (باوجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری)، ئەوەمان تێدەگەیێنێت کە ئادەم دەبوو ئازاتر و بوێرتر بێت، چونکە ئەو پەیامبەر بوو و دەیزانی خودای لە پشتە، بەڵام حاجی عەبدوڵڵا نە پەیامبەرە و نە هیچ. کەچی حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم بوێرترە. ئەگەر ئێمە تەنیا تەماشای ڕواڵەتی شیعرەکە بکەین، وا هەست دەکەین کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی بە دوو شێوە چاکە بۆ ئادەم بکات. لە لایەکەوە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئەو پلەی پەیامبەرایەتیی هەبووە، پەیامبەر بووە (باوجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری)، لە لایەکی دیکەیشەوە دوژمنێکی زۆری نەبووە، بەڵکە

تەنیا یەک دوژمنی هەبووە، یەک شەیتان بەرانبەری وەستاوە. بە پێچەوانەی ئادەمەوە، حاجی عەبدوڵلا پەیامبەر نییە، بەڵکە مرۆڤێکە و دوژمنیشی یەکجار زۆرن؛ سەد شەیتان دوژمنایەتیی حاجی عەبدوڵلا دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئادەم دەرووخێت و دەبەزێت و کۆڵ دەدات و لە بەهەشت دەردەپەڕێت، بەڵام حاجی عەبدوڵلا لە کۆیە دەرناچێت.

پرسیارێکی بەجێ لێرەدا ئەمەیە: ئایا شێخ ویستوویەتی پەسنی ئازایەتی و بوێریی حاجی عەبدوڵلا بدات، یا ویستوویەتی ئادەم بشکێنێتەوە و وەک ترسنۆکێک وێنای بکات؟ هیچیان نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە شیعرەکەدا هیچ پەسندانێکی حاجی عەبدوڵلا و هیچ شکاندنەوەیەکی ئادەمی پەیامبەر ناخوێنینەوە. شێخ ڕەزا تەنیا هاوکێشەیەک دەخاتە بەردەستمان، لایەکی مرۆڤێکە سەد شەیتان دوژمنایەتیی دەکەن بۆ ئەوەی لە شارەکەی خۆی بیکەنە دەرەوە. لای دووەمیش پەیامبەرێکە، یەک شەیتان هاتووە بەرۆکی گرتووە و شەڕی پێ دەفرۆشێت و دەیەوێ لە بەهەشت دەری بکات. ئەنجامەکەیشمان دیت چۆن بوو: ئەمیان (دەرپەڕی) و ئەویان (دەرنەچوو).

دەتوانین دیسان بپرسین: ئایا شێخ ڕەزا ئەم ئازایەتی و بوێرییەی حاجی عەبدوڵلا بەرز دەنرخێنێت؟ ئایا، لەم شیعرەدا، پێی وایە حاجی پیاوێکی زانا و لێزان و ئازایە؟ نا. شێخ ئەگەر مەبەستی پەسندانی هەڵوێستەکەی حاجی عەبدوڵلا ببووایە نەیدەگوت (فیلترە). دەیتوانی وشەیەکی دیکەی هاوئاهەنگ و

هاوکێش بە کار بهێنێت. دەیتوانی بنووسێت:

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم ژیرترە.

دیمەن و کەش و هەوای سەرتاپێی شیعرەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە شێخ بە جۆرێک سووکبینین و کەمنرخاندن وێنەی حاجی عەبدوڵڵا پێشان دەدات، بەڵام هەست بە جۆرێک هاودەردی و بەزەیی پێداهاتنەوە و پاساودانی هەڵوێستەکەی ئادەم دەکەین. با ئەوەیشمان لە بیر بێت کە حاجی عەبدوڵڵا، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی زانای گەورەیە (١٨٣٥–١٩٠٨). هەر شێخ ڕەزا خۆی لە شیعرێکی دیکەیدا کە بە فارسی نووسیویەتی پەسنی گەورەیی و زانست و پلە و پایەی ئەو پیاوە دەدات: (علم تو در همه جا، بر همه کس معلوم است)، زانستی تۆ لە هەموو شوێنێک و لای هەموو کەسێک ئاشکرایە. هەر دێڕێک دوای ئەوە دیسان زانستی مامۆستای جەلیزادە بە (علم جهانگیر شما)، زانستی جیهانگری ئێوە، ناو دەبات.

لەپاڵ بەکارهێنانی مەنتیقی ئاوەژوودا، شێخ ڕەزای تاڵەبانی تاکتیکێکی دیکەیش بە کار دەبات بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی خۆی و بەزاندنی بەرانبەرەکەی: تاکتیکی خاکیبوون و خۆبەنزمگرتن (تواضع)، بەڵام دیارە خاکیبوونێکی درۆینە و فێڵبازانە. لە جێی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرانبەرەکەی بورووژێنێت و بیخاتە سەر هەڵوێستێکی هێرشبەرانە، هەوڵ دەدات خاوی بکاتەوە، تا ئەوەی خۆی گورج دەکاتەوە و خۆی بۆ هێرشبردن

ئامـادە دەکـات. کـە ئەو هەلەی دەست کـەوت، ئەوجـا پەلامـاری دوژمنەکەی دەدات و بە جۆرێک تێی دەسرەوێنێت کە بە تەواوی لە پەلوپۆی بخات و ئیتر جارێکی دیکە بواری هەڵستانەوەی نەمێنێت. شێخ ڕەزا خۆی لە شیعرێکدا وردەکارییەکانی ئەم تاکتیکە ڕوون دەکاتەوە. منیش دواتر باسی دەکەم.

ناوەڕۆکی پرۆژەکەی شێخ ڕەزا ئەوەیە، لە سەرەتاوە پێ لە هەڵە و شکانی خـۆی بنێت، بەڵام تەنیـا بۆ فـریودانی بەرانبـەر. ئەم پێلێنانەی شێخ هەرگیز لە دڵەوە نییە، بەڵکە چاوبەستێکە فێڵێکی هونەریی لەژێردا شاردووەتەوە. شێخ کە دێت ددان بە هەڵەیەکی خـۆیدا دەنێت، هەڵەکـەی خۆی بە جـۆرێک بچـووک پێشـان دەدات وەک بڵێی هیچ بایەخێکی نییە و ئەم لە بەخشندەیی ودڵفراوانیی خۆیەتی کە پێی لێ دەنێت. بەڵام هاوکات هێرشێک دەباتە سەر دوژمن، کە بواری پرسیار و بەراوردکردنی بۆ ناهێڵێتەوە.

شێخ سالەحی شێخ ئەحمەدی تاڵەبان مامی شێخ ڕەزایە و وا پێ دەچێت نێوانیان خۆش بووبێت و گاڵتـە و شـۆخییـان پێکەوە کــردبێت. من وای بۆ دەچم لە ڕووی تەمـــەنەوە نێـــوانیـــان زۆر نەبووبێت، چونکە ئەو زمانەی شێخ ڕەزا بۆ دواندنی شێخ ساڵەح بە کـاری دەهێنێت، زمـانـی دۆستـایەتیـیـەکـە کە نزیکیی تەمـەن، هۆیەکی گرنگە بۆ دروستبوونی. شێخ ڕەزا لە شیعرێکدا دەڵێت:

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ ساڵەح
بۆچ دەکـەی سـەرزەنشی من کـە ڕەزا هەجـجـاوە

غـایەتی بـەندە جنێـوم بە دوو سـێ کـەسـێ دابێ
تۆ هـەتا ئێـسـتـە، بە قـوربان، بـە هـەزارت داوە

بـەیتی دووەمـی شـیـعـرەکـە ئەو تاکـتیکەیە کـە شـێخ سـوودی لێ وەردەگـرێت. پێـشـەکی دێت و بـە دەمی خـۆی پێی لـی دەنێت کـە لەوەیە ئـەم جنێـوی بە دوو یا سێ کـەسـێک دابێت. سـەرنجی ئەوە بدە کـە تەنانەت ئەو ڕسـتـەیـەیش پێڵێنـانێکی پڕاوپڕ نیـیـە، چونکە جێگەی ئامـرازێکی ڕێزمـانیی بە چۆڵی هێـشـتـووەتەوە. ڕسـتـەکە دەکرێ وەهـایش بگوترێت و بنووسرێت:

غـایەتـی، [ئەگـەر] بەندە جنێـوم بە دوو سـێ کـەسـێ [کـیش] دابێت...

بەڵام شـێخ ڕەزا زۆر لەوە ڕەوانبێـژترە، کە بە وردە دەربڕین و بە ئامـرازی سـووکـەڵەی ڕێزمـان، مـەبەسـتی دڵی خـۆی ڕوون بکاتەوە. ئەم دێڕەی بەیتی دووەم هـیچ قـورسـایی و تـاوانێک ناخـاتە سـەر شانی شێخ. ئەو بە جۆرێک پاکانە بۆ خۆی دەکات، کە نە خوێنەر و نە شـێخ سـاڵەحی مـامی هیـچیان ناتوانن داوای زیاتری لێ بکەن. مەنتیقی بەرگریکردنی شێخ ڕەزا لەم دێڕەدا چەند پلەیەکی هەیە:

١- تۆ [جـەنابی شـێخ مـامـە سـاڵەح] وای دابـنێ کـە تـاوانی هـەرە گەورەی من [غایەتی] ئەوە بێت کە جنێوم داوە. لێرەدا [غایەت] بە مـەعنای "ئەوپـەڕی" بە کـار هـێنراوە [utmost, extreme, ultimate, maximal, maximum].

٢- ئەم جنێـودانە تاوانێکە تۆ مـنی پێ تاوانبـار دەکـەیت، چـونکە

مەرج نییە من جنێوم دابێت. بەڵام کە تۆ هەر سووریت لەسەر داواکەت، با لەبەر خاتری تۆ وای دابنێین کە من جنێوم داوە، واتە [ئەگەر] من جنێویشم دابێت...

٣- ئەگەر من جنێویشم دابێت، ئەوپەڕەکەی [غایەتی] جنێوم بە دوو یا سێ کەسێک داوە. کە دەڵێم دوو یا سێ کەس، لەبەر ئەوەیە باشم لە بیر نییە. با ئەمەیشیان وەک تۆ بێت. وای دابنێ ئەوپەڕەکەی جنێوم بە سێ کەس داوە، ئەگەرچی هێندەی خۆم بیزانم لەوەیە جنێوم هەر بە دوو کەس دابێت، نەک سێ کەس.

دوای ئەم وردکردنەوەیە، هەر دادوەرێکی ڕاستیخواز بێنیت، دەبێتە گەواهی ئەوەی کە شێخ ڕەزا تاوانێکی نەکردووە:

١- شێخ ئەگەر جنێویشی دابێت... بەڵام لەوەیە جنێویشی نەدابێت،

٢- تەنانەت ئەگەر جنێویشی دابێت، ئەوا ئەوپەڕەکەی جنێوی بە سێ کەس داوە... بەڵام لەوەیشە جنێوی هەر بە دوو کەس دابێت.

کە شێخ ڕەزا، بە سەرکەوتوویی، لەم پرۆسەیە دەبێتەوە، ئەوجا بەشی دووەمی پرۆژەکەی دەخاتە گەڕ، کە بەشی هێرشبردن و تەفروتووناکردنی دوژمنە. لێرەدا شێخ ڕەزا نایەت بکەوێتە چەنەبەرچەنەی ژمارە و ئامار و ستاتیستیکەوە. ئەو خۆی بەوەوە خەریک ناکات لەگەڵ شێخ ساڵەحدا دابنیشێت و دەفتەری کۆن

هەڵبـداتـەوە، بزانێت شــێخ ســاڵەح چەند جــار (جنێــو)ی داوە. باشترین ڕێگە بۆ دەمکوتکردن و ڕووخاندنی بەرانبەرەکەی، کە لەم شیعرەدا شێخ ساڵەحە، ئەوەیە تاوانێکی هێندە گەورەی بداتە پاڵ کە ئیتر نەوێرێت دەم بکاتەوە. شێخ ڕەزا بە جۆرێک هێرش دەبات کـە دوژمنەکـەی نەک هەر واز لە داواکـارییـەکـەی خـۆی بهـێنێت، بەڵکە دەبێ بیــر لەوە بکاتەوە چۆن خــۆی لە دەســتی شــێخ ڕەزا ڕزگــار بکات. بـەڵام ڕزگــاربوونی چی؟ شــێخ ڕەزا تاوانێکی وەها دەخـاتـە سـەر شـانی دوژمـن کە تا دنیـا دنیـایە هـەر بـاس بکرێت و ببێتە پەڵەیەک کە پاک نەبێتەوە:

تۆ هەتا ئێستە، بە قوربان، بە هەزارت داوە.

ئەمـە ئەو مـشـتـەیە کـە لە وازیـی مـشـتـبـازیدا، بۆکـسێن، پێی دەگـوترێت دوامـشت، یا مـشـتی یەکـلاییکەرەوە، یا مـشـتی بکوژ [الضـربة القـاضـيـة: Fatal blow, death blow]. ئەو تاوانەی شـێخ ڕەزا دەیداتـە پاڵ شـێخ سـاڵـەح هیی ئەوە نـیـیـە ببـێـتـە بابـەتی بەراوردکردن. ئەو دەیەوێت بە یەک مشت، بەڵام مشـتێکی یەکجار بەهێـز، شـەڕەکە یەکلایی بکاتەوە و دوژمنەکـەی بە برینداری، یا ڕەنگە بـە کـوژراوی، لە مـەیدانەکـەدا بـە جێ بهـێـڵـێت و خـۆیشی سەرکەوتووانە ڕوو بکاتە خەڵک و بڵێ: بینیتان چیم بە سەر هێنا؟

شـێخ ڕەزا لـە گـەرمـەی شـەڕەکـەیشـدا بنـەمـا و قـانوونـەکـانی وازییـەکـەی لە بیـر ناچێت. ئەو ناچێت بـە شـێوەیەکی نامـەردانە هێرش بباتە سـەر دوژمن یا قسـەی سووکی پێ بڵێت، بەڵکە تەنیا

هەوڵ دەدات بەڵگەکانی خۆی پێشان بدات و بیخاتە بەرچاوی دۆست و دوژمن، کە ئەوە منم و ئەوەیش دوژمنەکەم. لە کاتێدا هەر لە سەرەتاوە پێ لەوە دەنێت کە لەوانەیە خۆیشی هەڵەیەکی بچووکی کردبێت، بەڵام هەڵەی بەرانبەرەکەی هیی ئەوە نییە چاوپۆشیی لێ بکرێت. ئەم ڕاستییەیش بە شێوەیەکی زۆر ناسک و ڕەوشتبەرزانە پێشکەش دەکات:

تۆ هەتا ئێستە، بە قوربان، بە هەزارت داوە.

بەکارهێنانی (بە قوربان) لە کاتی شەڕێکی وا سەختدا نیشانەی ئەوەیە کە شێخ ڕەزا چەندە ئاگای لە خۆیەتی و چەندە دڵنیایە لەوە کە لەسەر حەقە و شەڕەکەیش دەباتەوە. ئەگەر شێخ خۆی، جنێوی بە دوو یا سێ کەسیش دابێت، بەڵام شێخ ساڵەح بە هەزاری داوە. ئەوەی شێخ ساڵەح داویەتی جنێو نییە، بەڵکە شتی دیکەیە.

دەربڕینێکی سەرنجڕاکێش لەم ڕستەیەدا ئاوەڵکاری (بە هەزار)ـە. لەم ڕستەیەدا وشەی (هەزار) بە هیچ جۆرێک مەعنای (یەک هەزار) نادات، بەڵکە بە مەعنای (هەزاران) بە کار هێنراوە. کەسێک باش شارەزای پێچوپەناکانی زمانی کوردی بێت، دەزانێت مەبەستەکەی شێخ ڕەزا دەکرێ بە دوو شێوە لێک بدرێتەوە:

١- تۆ، بە قوربان، [جەنابی شێخ مامە ساڵەح] هەتا ئەمڕۆ، هەتا ئەم کاتە، بە هەزاران کەست داوە. خۆ لەوانەیشە لەناو ئەو هەزاران کەسەدا هیی وا هەبێت، چەند جارێکیش، نەک تەنیا

یەک جار، داوتەتێ.

٢- تۆ [جەنابی شێخ مامەساڵەح] هەتا ئێستە، هەتا ئەمڕۆ و ئەم کاتە، بە هەزاران جار داوتە. ئەوجا گرنگ نییە ئەو هەزاران جارە بە کێ و بە چەند کەست داوە، گرنگ ئەوەیە، بە قوربان، تۆ بە هەزاران جارت داوە.

هەر لەو ڕستەیەدا ئاوەڵکارێکی دیکەیش هەیە کە هەر وا بێگوناهـ لەوێدا دانەنراوە. ئەوەی شێخ ڕەزا بناسێت، دەزانێت شێخ ئەو ئاوەڵکارەی بە مەبەستێکی فێڵبازانە بە کار بردووە: "تۆ هەتا ئێستە، هەزاران جار داوتە، یا بە هەزاران کەست داوە، بەڵام تۆ لەسەر ئەم ڕەوشتەت بەردەوام دەبیت و لەوەیە لە داهاتوودا بە هەزارانی دیکەیشی بدەیت، یا هەزاران جاری دیکەیش بیدەیت."

ئێمە کە ئەم دێڕە لەگەڵ دێڕەکەی پێش خۆیدا بەراورد بکەین جیاوازییە زمانەوانییەکەمان بۆ دەردەکەوێت. شێخ ڕەزا دڵنیایە کە شێخ ساڵەح لەسەر ئەم ڕەوشتە بەردەوام دەبێت و لە داهاتوویشدا هەر بە هەزاران دەدات، کەچی بۆ هەڵە بچکۆلەکەی خۆی، بێجگە لەوەی کە هەموو بابەتەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و گومان دەکات کە هەر جنێویشی دابێت، بەڵام هیچ نیشانەیەکی وەها لە ئارادا نییە پێمان بڵێت لەوانەیە شێخ ڕەزا لە ئێستە بە دواوە جنێو بە کەسێک بدات.

ئێمە دەزانین کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ڕێزمانی کوردیی بە شێوەیەکی زانستی نەزانیوە، ئەو کاتە هیچ ڕێزمانێکی کوردی بەچاپکراوی، لە کوردستاندا، لە بەردەستدا نەبووە. بەڵام بێگومان

شێخ کوردیزانێکی خۆڕسکی وەها بووە، کە زمانی بە شێوەیەکی یەکجار داهێنەرانە بە کار بردووە. ئەو زۆر چاک زانیویەتی لایەنە بەهێز و بێهێزەکانی زمانی کوردی کامانەن. لێرەیشدا، وەک لە باسەکەی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و ئادەمدا، کرداری ڕستەکانی بە شێوەی جیاواز خستووەتە گەڕ. لەوێ (دەرچوون) و (دەرپەڕین) ئەو جیاوازییەیان دروست کرد، کەچی لێرەدا دەمکاتی کردارەکان [Tense] ئەم جیاوازییە دروست دەکەن. بۆ هەڵەی جنێودانی خۆی دەمکاتی ڕابوردووی تەواوی داخوازی یا خەیاڵی [Perfect Subjunctive]ی بە کار هێناوە [ئەگەر جنێوم دابێت]، کەچی بۆ تاوانەکەی شێخ ساڵەح دەمکاتی ڕابوردووی تەواوی خەبەری [Perfect indicative]ی بە کار بردووە [داوتە]. دەمکاتی یەکەم ڕووداوێکی خەیاڵییە کە لەوانەیە تۆ حەز بکەیت، یا هیوادار بیت، ڕووی دابێت، یا لەوانەیشە کە هەر لە بنەڕەتدا ڕووی نەدابێت. بەڵام دەمکاتی دووەم ڕووداوێکە کە دڵنیاین ڕووی داوە و کارکردەکەیشی تا ئێستایش هەر ماوە و لەوانەیە بەردەوامیش بێت.

شێخ ڕەزا لە شیعرێکدا کە بۆ هێرشکردنە سەر مستەفا بەگ ناوێک تەرخانی کردووە، بنەما گشتییەکانی تەکتیکی شەڕ و ستراتێگیی جەنگیی خۆی ڕوون کردووەتەوە و وەک بەڵگەیەکی تیۆری خستوویەتیە بەردەستی خوێنەری کورد. ڕاستییەکەی من نازانم ئایا ئەم مستەفا بەگە هەر مستەفا بەگی باجەلانە کە لە شیعری پێشوودا بەوە تاوانباری دەکات کە تا ڕیشی هاتووە هەر

''داویەتی'' یا یەکێکی دیکەیە؟ بەڵام، لەبەر دوو هۆ، ڕێی تێ دەچێت هەر ئەو بێت:

١- لەم شیعرەیشدا دیسان هەر ئەو تاوانەی دەخاتەوە پاڵ و بە شێوەیەکیش ئەمە دەردەبڕێت، وەک ئەوەی مستەفا بەگ زۆر ژێر بووبێت کە ''داویەتی'' و زۆریش خۆشی ڕابواردبێت، بەڵام شێخ ڕەزا لەبەر گەوجی و ناشارەزایی (ئەحمەقی) ئەو بەختەوەرییەی دەست نەکەوتووە.

٢- لە باسکردنی ئەو ''خوو''ەی مستەفا بەگدا دەمکاتی ڕابوردووی سادە بە کار دەبات، ئەمەیش ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە ئەو سەردەمەی ژیانی مستەفا بەگ بە سەر چووە. لە شیعری پێشوودا تەمەن و هاتنی ڕیش دەکاتە ئەو هۆیەی کە مستەفا بەگ لەسەر خووەکەی بەردەوام نەبووبێت. هەر لەم شیعرەدا دوو جار ئاوەڵکاری (گەهێ) بە کار دەهێنێت. (گەهێ) واتە زەمانێک، یا ماوەیەک، یا سەردەمێک. شێخ ڕەزا لێرەیشدا ئەوەمان پێشان دەدات کە بە هەستێکی چەند وردەوە زمانی خستووەتە کار. (گەهـ) کورتکراوەی (گاهـ)ـە. لە فارسیدا، هەر وەک لە کوردییشدا، بەکارهێنانی (گهی، گاهی : گەهێ، گاهێ) ئەو واتایانە دەدات کە لە سەرەوە باس کران، بەڵام (گهگاهی : گەهگاهێ) واتە هەندێک جار، یا کەمجار، بە کەمی. شێخ ئەگەرچی دوو جار (گەهێ)ی بە کار بردووە، بەڵام لە یەکی دابڕیون و وەک دوو ئاوەڵکاری سەربەخۆ و جیاواز دایناون، بۆ ئەوەی خۆی و خوێنەریش لە مەعنای ''کەمجار و بە

کـەمـی" دوور بخـــاتەوە. ئەو دەیەوێ ئەوە جـــەخت بکات کـــە مـسـتـەفـا بەگ سـالانێک، مـاوەیەک، سـەردەمـێک ئەو خـووەی هەبووە و داویەتی.

شیعرەکە ئەمەیە:

لە بـەگ وا بوو کـە من مـاتم، کـشـی کـرد
کـە من هـەسـتـام ئەو دامـا و فـشـی کـرد.
گەهـێ سـەیرانی سەر گون بوو، گەهـێ کێر
حەقـیـقـەت مـسـتـەفـا بەگ گەردشـی کـرد.
دەبـوو بـاوکـی ســـــەگی نـاو نـایـە، ئەمما
بەگی ناو نا، قـورمـسـاغ، یاغنشی کـرد.

هێـرشـەکەی شـێخ ڕەزا و تاوانە ئاوڕووبەرەکەیشی، کە بـەیتی دووەمی بۆ تەرخـان کـردووە، هەر ئەوەی جـارانە، تەنیـا شـێـوەی دەربڕینەکەی گۆڕاوە. لە شیعری پێشوودا شێخ ڕەزا دەفەرمووێت:

ئـەحـــمـــەقـم نەمکرد هەتا ڕیشم نـەبوو گـــانێ بدەم
مستەفا بەگ چاکی کرد، تا ڕیشی هات هەر گانی دا.

بەڵام لە بەیتی یەکەم و سێیەمدا هەندێ زانیاریی تازەمان دەست دەکـەون کە ڕەنگە وێنەیەکی ڕوونـتری مـسـتـەفـا بەگمـان بدەنێ. شانۆی ڕووداوی ئەم شیعرە دیسان یاریکردنە، یاریی شەترەنج. لە شیعرەکەی (مەلا)دا یارییەکە زەرفێنە:

ئەی مـەلا تۆ قـەت لە زەرفـێندا وەها خـێـرا نەبووی،
یا لە حیزیی بەختی من، یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو.

بەپێی کەشـوهـەوای شـیـعرەکە وا هـەست دەکەیـن دەبێ لەنێـوان شـێخ ڕەزا و مـسـتـەفـا بـەگـدا دۆسـتـایەتی یا ئـاشنایەتیـیـەک هەبووبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە جاروبار پێکەوە یاریی شەترەنجیان کردبێت. هـەر ئەو دۆسـتـایەتی و ئـاشـنـایەتیـیەیش وای کـردووە کە شـێخ ڕەزا لـەبارەی ڕابوردووی مستـەفـا بەگەوە زانیـاریی هەیە و دەزانێت تا ئەو کـاتەی کـە ڕیشـی هاتووە "داویەتـی". بەڵام شـێخ وەک سـەرکـردەیەکی وریا و نەخشـەدار و لێـهاتوو، ئەم زانیـارییـانە هەڵدەگرێت بۆ کـاتێک پـێویسـتی پێیـان بێت، بۆ کـاتێک کە بیـەوێ دوژمنەکەی پێ بڕووخێنێت.

زانیـاریـی دووەم لەم شـیـعرەدا هـەڵوێستـی شـێخ ڕەزایە لەبارەی باوکی مستـەفا بەگەوە. ئەم هەڵوێستە دوژمنایەتییەکی زۆر قووڵ و جیددی نیـیـە، بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە باوکی مـسـتـەفـا بەگە. بەڵام تەنیـا یەک وشـەی ناو شـیـعرەکە، ئەو گـومانەمان لا دروست دەکات کە لەوانەیە شـێخ لەگەڵ باوکی مـسـتـەفا بەگیشـدا ناکـۆکـییـەکی کۆنیان هەبووبێت، بەڵام نەگەیشتووەتە پلەی دوژمنایەتی:

دەبوو بـاوکی سـەگی ناو نـایە، ئـەمما
بەگی ناو نا، قـوڕمسـاغ، یاغـنـشی کرد.

وشـەی (قـوڕمـسـاغ) جنێـوێکی زۆر قـورس نییـە. هەندێ جـار بـە

مـەعنای (زۆڵ و شـەیتـان و فـرەزان) بە کـار دەبرێت. هەروەها (یاغنشی کرد)یش جنێو نییە، بەڵکە مانای ئەوەیە (هەڵەی کرد، چەوتیی کرد). کەواتە شێخ ڕەزا لە پاڵ ئەوەدا کە ڕەنگە ناکۆکییەکی کۆنی لەگەڵ باوکی مستەفا بەگدا هەبووبێت، ئێستا ئەگەر ناوی ئەویش دێنێتە مەیدانەوە و بە جۆرێک سووکایەتیکردنەوە ناوی دەهێنێت، لەبەر ئەوەیە کە باوکی مستەفا بەگە. تاوانەکەی باوکی مستەفا بەگ ئەوەیە کە کوڕەکەی خۆی ناو ناوە (بەگ)، لە کاتێکدا دەبوو ناوی (سەگ)ی لێ بنایە. ئەمە هەڵەیەکە نەدەبوو بیکردایە (یاغنشی کرد). ڕاستییەکەی ئەمەیش شەڕفرۆشتنێکی ئاشکرایە، ئەگەرنا ئێمە دەزانین (بەگ) ناو نییە، تا باوک بڕیاری لەسەر بدات، بەڵکە پلەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسییە کە کوڕ لە باوکەوە بۆی دەمێنێتەوە، وەک شێخ و ئاغا و سەیید.

ئەم تێکەڵکردنە هۆشیارانەیەی باوک و کوڕ لە کاتی هێرشبردندا یەکێکە لە نەریتە شیعرییەکانی شێخ ڕەزا، بەلام بە خوێندنەوەی ئەو نموونانەی لە بەردەستدان، ناتوانین بڵێین شێخ ڕەزا بە ناهەق وای کردووە، یا زۆرداری و بێویژدانی لەو کارەیدا هەیە.

کاتێ لە شێخ غەفووری مامی بێهومێد و تووڕە دەبێت، یەک زنجیرە جنێوی ناشیرین و قورس و ناقۆلا بە خۆی و ژن و منداڵ و تەنانەت کارەکەرەکانیشیان دەدات. بەلام بۆ ئەوەی جنێوە هەرە قورسەکان پاشەکەوت بکات و بە ڕەشیدی کوڕی شێخ غەفووریان

بدات، تەکتیکێکی شەیتانانە دەخاتە گەڕ:

خـۆی بە هەر سوورەت ئومێدی کەرەمم پێی هەیە، لیک
ڕقـی زۆرم لە ڕەشـــــیـــــدی کـــــوڕی گـــــەووادی هەیە.

هەروەها کاتێک هەرچی سووکایەتییە بە مەلا مارفی بیدایەتی دەکـات، بەڵام بۆ ئەوەی خـۆی وەک کـەسـێکی خـاوەنویژدان و ڕاسـتگۆ پێشـان بدات، دێت هەر وا بە پەلە پەسنێکی باوکی مەلا مارف دەدات:

باوکی پیـاوێکی چاک بوو، زاتێکی زۆر مـوقـەددەس
خـۆی پوشت و دایکی خـۆ گێ، هەتا خـوا بڵێ بەس
بۆ نەختـێ ئاوی شـەهوەت، جەرگی بووە بـە قـەقنەس

لە هەجوەکەی دەروێش ئەفەندیی موفتیی کەرکووکیشـدا، جنێوە قورسەکان بۆ ژنی موفتی و کوڕەکەیان دادەنێت:

یەکتری دەعوەت دەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی
کوڕی موفتی بە قنگی، خانمی دایکی بە قوزی.

مـەبەسـتی سـەرەکـیی من ئەوە بوو کـە تیـۆرییـە سـەربازی و هێرشبـەرانەکەی شێخ ڕەزا ڕوون بکەمەوە، کە خۆی لە شیعری شـەترەنجـەکـەدا دایڕێشـتـووە و ئەوە جـەخت بکەم کـە شـێخ ئەو تاکتیکەی زۆر جار بە کار بردووە و سەرکەوتنی چاکیشی دەست کەوتووە. تیۆرییەکەی شێخ ڕەزا لە دوو هەنگاو پێک دێت:

١– له سـەرەتـاوە خـۆت بە دۆڕاو، بێـهێـز، ناتـوانا، بێدەسـتـەڵات و هەڵەکـردوو دابنـێ، بۆ ئەوەی دوژمـنەکـەت هێــور بکەیتــەوە و دەرفـەتی ئەوەی نەدەیتێ خـۆی ئامـادە بکات و هێـرشت بکاتە سەر. ئەمە فێڵێکی سایکۆلۆگییە. کە دوژمن لە سەرەتاوە خۆی بە ســەرکـەوتـوو زانی، لە خــۆی بایی دەبێت، پێی وایە تـازە تۆ دۆڕاویت و هیـچت پێ ناکرێ. لەبەر ئەوەیش ئیـتر خـۆی بەوەوە خـەریک نـاکـات هێـز کـۆ بکاتەوە، یا نەخـشـەی هـێـرشـبـردن بکێشێت.

٢– لەو کـاتەدا تـۆ خـۆت ئامـادە بکە و هێـرشـێکی وا بکەرە سـەر دوژمنەکەت کە نەتوانێت چاو بکاتەوە و دەست بوەشـێنێت. بەم شێوەیە تۆ پێشدەستیی شـەڕەکە دەگریتە دەستەوە و دوژمنیش پێـــشــدەســـتـی و ویســـتـی هێــرشـی لـە دەست دەردەچێت و دەیدۆڕێنێت.

لە بەگ وا بوو کـە من مـاتم کـشی کرد
کـە من هەسـتام ئەو داما و فشی کرد

شێخ ڕەزا لـە سەرەتاوە وای پێشـان داوە کە مـات و خەفەتبارە و ترسـی ئەوەی لێ نیشتووە یاریی شـەترەنجەکە بدۆڕێنێت. مستـەفا بەگیش کە ئەم مـاتییـەی شـێخ دەبینێت، وای تەفسـیـر دەکات کـە شـێخ گـەیشـتـووەتە بێـهومـێدی و تازە یارییـەکە دەدۆڕێنێت. بەم جــۆرە لە خـــۆی بـایی دەبێت و (کش دەکـــات)، واتـە هەڕەشـــەی لەنـاوبردنی لـێ دەکـات. بەڵام شــێخ ڕەزا کـە ئەم فــێـڵــە (یا ئەم

تاکتیکە) سایکۆلۆگییە لەگەڵ مستەفا بەگدا دەکات، ئەم جارە گوڕ دەبەستێتەوە و هێرشی دەباتە سەر و بە جۆرێک دەیشکێنێت کە بەگ (فشی دەکات).

شێخ بەوەندە واز ناهێنێت کە یارییەکە بباتەوە و بەرانبەرەکەی تێک بشکێنێت، بەڵکە هێرشی دیکەیشی دەکاتە سەر و ناکۆکی و دوژمنایەتییە کۆنەکانی نێوانیشیان زیندوو دەکاتەوە و دەیەوێ تۆڵەی ئەوانەیش بکاتەوە. ئاسانترین، بەڵام قووڵترین و ناشیرینترین، جنێو و تاوانبارکردن، لە کوردەواریدا، ئەوەیە کە دوژمنەکەت لە ڕووی ڕەوشتەوە لەکەدار بکەیت. شێخ ڕەزا زۆر دڵنیایە لە زانیارییەکانی خۆی و شارەزای ڕابوردووی مستەفا بەگە و دەزانێت سالآنێک، سەردەمێک "داویەتی".

گەهێ سەیرانی سەر گون بوو، گەهێ کێر
حەقیقەت مستەفا بەگ گەردشی کرد.

ئەمە جۆرێک پەسندانیشی تێدایە، بەڵام بە ئامانجی سووکایەتی و داشۆرین. هەر لەم هێرشبردنەدا پریشکێکی جنێوەکانی بەر باوکی مستەفا بەگیش دەکەوێت.

دەبوو باوکی سەگی ناو نایە، ئەمما
بەگی ناو نا، قوڕمساغ، یاغنشی کرد.

شێخ ڕەزا هەندێ جار بە جۆرێک سەرکەوتنی بەرانبەرەکەی دەخاتە بەردەم ڕووناکی، تۆ پێت وایە بەڕاستی ئەمە بێفیزی و

خـاکـیـبـوونه وای لێ دەکـات پـێ لە دۆڕانی خـۆی بنێت. ئەمـەیش دیسـان بەشـێکە لە تـاکتیـکی شـەڕ و هێـرشـبـردنـەکانی شـێخ کـە بەرانبـەر زۆر کـەس بە کـاری هـێناوە. ئەو شـیـعـرەی کـە بۆ هەجووکردنی (حەسەنی هەمزە) نووسـیویەتی چ لەم ڕووەوە و چ لە ڕووی زمانەوانییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە:

حەسەنی هەمزە لەسەر (شەم) کە چییە تەفسیری
دەست بە شمشێر لەگەڵم ساحیبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخـونی شـێـرە، ئەو وتی کلکی شـێـرە
لەسـەر ئەم لەفزە بەسی شـۆڕش و دەعوا دەرچوو
گـرەوم کـرد لەگـەڵی، چووم و کـتـێـبم هێنا
ناخـونی من نەبوو، کلکی حـەسـەناغـا دەرچوو

لێرەیشـدا، شـێخ ڕەزا هەر لە سـەرەتاوە خـۆی بۆ هێرش ئامادە دەکـات و دەیـەوێ ناوی بەرانبـەرەکـەی، کـە حـەسـەنی هەمـزەیە، بزڕێنێت. بەڵام لە جـێی ئەوەی هێـرشـێکی ئاشکرای ببـاتە سـەر، وەک لە شیعری دیکەیدا و بەرانبەر کەسانی دیکە کردوویەتی، ئەم هێرشە دەگۆڕێت و دەیکاتە هێرشێکی هونەری و زمانەوانی. ئەوی ڕاسـتی بێت، ئەم شـیـعـرە هێندەی لەپێناوی هەجـووکـردندا نووسـراوە، لەوە زیاتریش وەک تێکسـتێکی زمـانەوانی نووسـراوە و ئەوە پێشـان دەدات کە شـێخ ڕەزا چەندە بە وردی تەماشـای زمانی کردووە و لێی کۆڵیوەتەوە.

دێڕی یەکەم تەنیا پێشاندانێکی شانۆی ڕووداوەکەیە و ڕوونکردنەوەی ڕەگوڕیشەی کێشەیەکە کە دواتر خوێنەر تێدەگات چییە. دوو کەس، دیارە دوو کەسی خوێنەوار و شارەزا، دانیشتوون و گوتوبێژێک لەنێوانیاندا ڕوو دەدات لەبارەی وشەی (شەم)ەوە؛ ئایا مەعنای چییە؟ لەوەیە وشەکە لەو سەردەمەدا هەر وەک وشەیەکی فارسی تەماشا کرابێت، بەڵام ئەمڕۆ کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی زمانە ئێرانییەکان و ئێتیمۆلۆگیی گەنجینەی وشەی زمانانی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر پێش کەوتووە، ئێمە دەزانین کە (شەم) وشەیەکی تەنیا فارسی نییە بەڵکە وشەیەکی ئێرانییە. (شەم) لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە بە کار دەبرێت و لە هەردوو بارەکەیشدا گۆڕانێکی فۆنەتیکیی بەسەردا هاتووە.

دێڕی دووەم بە ڕواڵەت هەر درێژەپێدانێکی دێڕی یەکەمە بۆ ڕوونکردنەوەی پاشخانی ڕووداوەکە:

دەست بە شمشێر لەگەڵم ساحیبی دەعوا دەرچوو

ئەمە ئەگەرچی جۆرێک ڕوونکردنەوەیە، بەڵام بە ڕاستی بەشێکیشە لە هێرشێکی شاراوە. تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە دوو کەسی خوێنەوار دانیشتوون و پێکەوە لەبارەی باسێکی زمانەوانییەوە قسە و گوتوبێژ دەکەن. ئەمە هیچ شتێکی سەیری تێدا نییە. هەم دوو کەسەکە خۆیان و هەم ئێمەی خوێنەریش چاوەڕوانی ئەوەین لە ئەنجامی لێکدانەوە، یا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا، کێشەکە چارەسەر بکەن. زۆریش گرنگ نییە کێ باشی

بۆ چووە و کێ بە هەڵە تێگەیشتووە. بەڵام ئەم وێنەیەی شێخ ڕەزا دەیکێشێت ناهاوسەنگیی تێدایە: شێخ ڕەزا دەیەوێت باسی وشەی (شەم) بکات، کەچی حەسەنی هەمزە هەر لە سەرەتاوە شەڕ هەڵدەگیرسێنێت و لە جێی ئەوەی دابنیشێت و بکەوێتە گفتوگۆیەکی زانستی و زمانەوانییەوە، بە شێوەیەکی شەڕانی و هێرشبەرانە و (دەست بە شمشێر) لە شێخ ڕەزا دێتە پێشەوە. ئەمە یەکەم گورزی شێخ ڕەزایە کە دەیوەشێنێتە حەسەنی هەمزە، چونکە دەیەوێ ناوی بزڕێنێت و وای پێشان بدات کە ئەم، شێخ، ویستوویەتی باسێکی زانستی لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بکات، بەڵام ئەو بە شەڕ و بە شمشێرهەڵکێشان لێی هاتووەتە پێشەوە. بەکارهێنانی وشەی (شمشێر) لەم دێڕەدا مەبەستێکی دیکەیشی پێ پێکراوە، کە دواتر باسی دەکەم.

بەیتی دووەمیش لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی بەیتی یەکەمە، لەوەدا کە هەم پاشخانی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و هەم ناهاوسەنگیی هەڵوێستی شێخ ڕەزا و حەسەنی هەمزە وێنا دەکات:

من وتم ناخونی شێرە، ئەو وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو

لە دێڕی یەکەمدا دیسان شێخ ڕەزا وەک پیاوێکی خوێنەوار و هێمن و ڕاستیخواز دەردەکەوێت، کەچی شەڕ و ناکۆکییەکی زۆریش قەوماوە لەسەر مەعنا و لێکدانەوەی وشەی (شەم). شێخ ڕەزا، ئەم جارە، ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێ کێیە شەڕ

هەڵدەگیرسێنێت و ئامادە نییە گوتوبێژێکی هێمن و زانستانە بکات. بەڵام کە بیر لەوە بکەینەوە لە دێڕی دووەمی بەیتی یەکەمدا، ئەوەی شەڕی هەڵگیرساند و شمشێری هەڵکێشا حەسەنی هەمزە بوو، ئیتر ئاشکرایە ئێستاش ئەوەی بووەتە هۆی پەیدابونی (شۆڕش و دەعوا)یەکی زۆر، دیسان هەر ئەوە. خۆ ناکرێ بڵێین شێخ ڕەزایەکی ئاشتیخواز و ڕاستیخواز و زانستخواز و بێچەک، شەڕی هەڵگیرساندووە. (بەسی) هاوواتای (بسیار)ی فارسییە، واتە زۆر، گەلێک، فرە.

لەپاڵ ئەم ڕوونکردنەوە دەروونییەدا، شێخ ماکی هەرا و ناکۆکییەکەی خۆی و حەسەنی هەمزەمان بۆ ئاشکرا دەکات: شێخ ڕەزا وتوویەتی (شەم) ناخونی (نینۆکی یا چرنووکی) شێرە، بەڵام حەسەنی هەمزە وتوویەتی (شەم) کلکی شێرە. ئەمە شتێک نییە دوو پیاوی خوێنەوار لەسەری ببێتە شەڕیان، بەڵام شێخ ڕەزا هەر لە سەرەتاوە، لە سەرەتای شیعرەکەوە، دەیەوێ حەسەنی هەمزە وەک کەسێکی شەڕانی و ڕاستینەویست پێشان بدات.

بەیتی سێیەم تەرخان کراوە بۆ دەرخستنی ئەنجامی کێشە و هەرای شێخ ڕەزا و حەسەنی هەمزە لەبارەی مەسەلەیەکی زمانەوانییەوە. هەڵوێستی دوو لایەنی کێشەکە زۆر جیاوازن؛ یەکێکیان ڕاستیخواز و زانستخوازە و دەیەوێ بە ڕاستی بزانێت وشەی (شەم) مانای چییە، بەڵام ئەوی دیکە دەیەوێ بە زۆر و لە ڕێگەی بەکارهێنانی شمشێرەوە کێشەکە چارەسەر بکات. لەم بەیتەدا دیسان هەر شێخ ڕەزایە کە دەیەوێت پەنا بباتە بەر ئاوەز و

مەنتیقی زانستی. لەبەر ئەوەیشە لەگەڵ بەرانبەرەکەی گرەو دەکات و فــەرهەنگ و قــامــووس دەکــاتە داوەر لەنێــواندا . ئەم هیچ پێ داناگرێت و نایەوێ بە زۆر باوەڕی خۆی بسەپێنێت، بەڵکە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی زانستی (کتێب)، تا بزانێت کامیان باشی بۆ چووە:

گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتێبم هێنا

شێخ ڕەزا لە گێڕانەوەکەیدا زۆر هۆشیارانە گەشە بە ڕووداوەکە دەدات؛ بە چەشنێک کە لە ڕووی سایکۆلۆگییەوە کار بکاتە سەر ئەو کەسەی شیعرەکە دەخوێنێتەوە یا دەبیستێت. ئەو نایەت یەکسەر ئەنجامەکە بخاتە بەردەستمان، بەڵکە هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێشەوە، تا دەگاتە لێواری کۆتایی. لێرەدا ڕاماندەگرێت، بۆ ئەوەی بە هەناسەسوارییەوە چاوەڕوانی ئەنجام بین:

ناخونی من نەبوو، کلکی حەسەناغا دەرچوو.

ئەمــە ئەوپەڕی سنگفــراوانی و ڕاســتــیــخــوازییــە. ئەگــەرچی حەسەنی هەمزە هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی بە زۆر کێشەکە ببــڕێنێــتــەوە، بەڵام شــێخ ڕەزا کــۆڵی نەداوە و هەوڵی داوە بە شێوەیەکی زانستی و ئاشتیخوازانە بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێت و چارەسەر بدۆزێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە بەرانبەر بە هێرشکردن و شمشێرهەڵکێشانی حەسەنی هەمزە، ئەم ورەی بەر نەداوە و باوەڕی زانســتــیــخــوازانەی بە هیچ جــۆرێک کــز نەبووە. پەنای بردووەتە بەر ســەرچاوەی زانســتی، بەر کــتــێب و قــامــووس.

ئەنجامەکەیش، کە هەر شێخ خۆی بە گیان و هەڵوێستێکی وەرزشکارانەوە ئاشکرای دەکات، ئەوەیە کە حەسەنی هەمزە باشتری بۆ چووە و لەسەر هەق بووە و ئەوەتا دەرکەوت کە (شەم) ناخونی شێخ ڕەزا نەبوو، بەڵکە کلکی حەسەن ئاغا دەرچوو. ئەمە ڕێک ئەو وێنانەمان دێنێتەوە بیر کە لە پێشبڕکێی وەرزشکاراندا دۆڕاوەکان دەچن پیرۆزبایی لە سەرکەوتووەکان دەکەن و تەنانەت هەندێ جار پەسنی لێهاتوویی و ئازایەتییان دەدەن. شێخ ڕەزایش وەک پەسندانێک، لە کاتی ئاشکراکردنی ئەنجامی کێشەکەدا، ناوی حەسەنی هەمزە بە ڕێزێکی زۆرەوە دەهێنێت و پێی دەڵێت حەسەن ئاغا.

ئەمە لایەنی بەرچاو و ڕووالەتیی شیعرەکەیە، بەڵام کاتێ باش لێی ورد دەبینەوە، لایەنی دیکەیش دەدۆزینەوە کە شێخ ڕەزا لە ژێر پەردەیەکی زمانەوانی و سایکۆلۆگی و هونەریدا شاردوونیەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شێخ ڕەزا جارێکی دیکەیش خۆی بە دۆڕاو و داماو پێشان دەدات لەپێناوی ئەوەدا کە گاڵتە بە بەرانبەرەکەی بکات و لە بەرچاوی خوێنەر سووکی بکات، ئەگەرنا شێخ ڕەزا ئەو پیاوە بەستەزمانە نییە کە هەر وا بە ئاسانی مل بدات، پێ لە هەڵەی خۆی بنێت و دان بەوەدا بنێت کە دۆڕاندوویەتی.

ئەوجا لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا بە ڕاستی (شەم) ناخون نییە و کلکە؟ ئایا شێخ ڕەزا لە دڵەوە پێی وایە کە خۆی دۆڕاندوویەتی و حەسەنی هەمزە گرەوەکەی بردووەتەوە؟ تۆ بڵێی شێخ ڕەزا هێندە لە زماندا کۆڵ بووبێت کە نەیزانیبێت واتای (شەم) چییە و خۆی

تووشی (شۆڕش و دەعوا) کردبێت؟ من هیچ گومانم لەوە نییە کە شێخ ڕەزا هەر لە سەرەتایشەوە دەیزانی مەعنا (یا مەعناکانی) شەم چییە، بەڵام کاتێ دەرفەتێکی وای بۆ هەڵبکەوێت کە خۆی ببێتە خاوەنی نینۆک (ناخون) و دوژمنەکەی بکاتە خاوەنی کلک، چۆن ئەو دەرفەتە لە دەست خۆی دەردەکات؟

(شم: شەم)ی فارسی لە هەموو فەرهەنگە گەورە و باوەڕپێکراوەکانی زمانی فارسیدا کۆمەڵێ مەعنای جیاوازی هەیە، بەڵام هەر هەموویان ئەوە جەخت دەکەن کە (شەم) هەم کلکە و هەمیش نینۆک (ناخون). کەواتە هەم شێخ ڕەزا باشی بۆ چووە و (ناخون)ی ئەو بووە، هەمیش حەسەنی هەمزە چاکی تێگەیشتووە و (کلک)ی ئەو دەرچووە.

من پێم وایە (شم: شەم) کە شێوەی فارسیی وشەکەیە لە زمانی کوردیدا دوو شێوەی جیاوازی وەرگرتووە: یەکەمیان گۆڕانی کۆنسونانتی یەکەمە لە (ش)ەوە بۆ (چ) و بەو پێیە وشەکە بووەتە (چەم)؛ دووەمیشیان گۆڕانی بزوێنی نێوان (ش) و (م)ی وشەکەیە لە (فتحە: فەتحە: سەر)ەوە بۆ بزوێنی بزرۆکە، کە لە ئەلفوبێی کوردیدا نانووسرێت. بەو پێیەیش وشەکە بووە بە (شم).

گۆڕانی (ش) لە گرۆی باشووری ڕۆژاوای زمانانی ئێرانییەوە بۆ (چ) لە گرۆی باکووری ڕۆژاوای زمانانی ئێرانیدا ئاساییە و لە وشەی دیکەیشدا ڕوو دەدات. ڕەنگە دیارترین نموونە (شدن) بێت کە لە فارسیدا (فارسیی کلاسیکیدا) مەعنای ڕۆیشتن و ڕابووردن دەدات و لە کوردیدا بووە بە (چوون). تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە

ئێستایش بەشێکی زۆری کورد، لەجێی (هاتوچۆ) دەڵێن (هاموشۆ). لە کوردیی هەورامیدا بە شێوەی (شیای) ماوەتەوە. لە کوردیی زازاییشدا هەر شێوەیەکی وای هەیە.

لە کوردیی ئەمڕۆدا (چەم) جێگەی (شەم)ی گرتووەتەوە، بەڵام بە مەعنای (دەست). وشەی (چەمچە) واتە (کەوچک)، کە لە ڕاستیدا لە (چەم: دەست) و (چە) کە پاشگرێکە بۆ بچووککردنەوە، پێک هاتووە، واتە (دەستێکی بچووک). لە فارسیدا (کفچە: کەفچە)یش بەو مانایە بە کار دەبرێت، کە هەم دیسان (کەوچک)ـە کوردییەکەیە. دیارە (کەوچک)یش لە (کەو) و (چک) پێک هاتووە. (کەو) لە (کف: کەف)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتە (ناولەپ یا دەست) و (چک)یش پاشگری بچووککردنەوەیە. لە وشەی (کەوگیر)یشدا دیسان (کف: کەف)ی عەرەبی بووە بە (کەو). وشەیەکی دیکە (چەمبڵ)ـە، واتە (هەنگڵ، دەسکە گۆزە)، کە لەوێدا (چەم) بە دی دەکەین. نموونەیەکی دیارتر وشەی (چەمۆڵە)یە کە بە شێوەی کرداری (چەمۆڵە لێنان) و (چەمۆڵە لێگرتن) بە کار دەبرێ، واتە دەستت یا ناولەپت ڕووەو دەموچاوی کەسێک درێژ بکەیت بە مەبەستی سووکایەتی پێکردن یا تەریقکردنەوە.

شێوەی دووەمی گۆڕانی وشەکە ئەوەیانە کە لە کوردیدا دەبێتە (شم) و ئەمەیان لە وشەی (شمشێر)دا دەبینین. لە فارسیدا دەەگوترێ (شمشیر: شەمشیر) کە هەردوو بەشەکەی لە کوردیدا گۆڕاوە: شەم بووە بە شم و شیر بووە بە شێر.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە لەگەڵ حەسەنی هەمزەدا گرەوی

کردووه، بیریان له وشەی (شەمشیر)ی فارسی، یا (شمشێر)ی کوردی کردووەتەوه و ویستوویانه بزانن ئەو (شم: شەم)ـه مانای چییه؟ شێخ ڕەزا ڕاستەوخۆ ئەمەمان بۆ باس ناکات، بەڵام هەر له دێڕی دووەمی بەیتی یەکەمدا وشەی (شمشێر) دێنێتەوه بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی تێبگات که باسی (شەمشیر یا شمشێر) کراوه:

دەست به شمشێر لەگەڵم ساحیبی دەعوا دەرچوو.

ئەو ئەم دێڕەی به مەبەستی ڕوونکردنەوه نووسیوه، ئەگەرنا ئاشکرایه نه حەسەنی هەمزه و نه هیچ کەسێکی دیکه لەسەر مەعنای وشەیەک ناچێت دەست بۆ شمشێر ببات و هەڵکوتێته سەر بەرانبەرەکەی.

له بەیتی دووەمدا باشتر ڕوون دەبێتەوه که گوتوبێژ و (شۆڕش و دەعوا)ی ئەو و حەسەنی هەمزه لەسەر وشەی (شمشێر) بووه:

من وتم ناخونی شێره، ئەو وتی کلکی شێره
لەسەر ئەم لەفزه بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو.

شێخ ڕەزا باسەکه وا دەگێڕێتەوه وەک بڵێی دوو بەرەی تەواو دژ به یەکدی دروست بووبێت. له دێڕی یەکەمی بەیتی سێیەمدا پەنا دەباته بەر سەرچاوەیەکی زانستی بۆ گەیشتن به ڕاستی:

گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتێبم هێنا

من نازانم شێخ ڕەزا بۆ ساغکردنەوەی وشەکه و بۆ داوەریکردنی نێوان خۆی و حەسەنی هەمزه، کامه فەرهەنگ و

قامووسی له بەردەستدا بووە و کاتێک دەڵێت (چووم و کتێبم هێنا) بە ڕاستی کام کتێبی هێناوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی فەرهەنگە باش و ناودارەکانی فارسی، بە تایبەتی فەرهەنگە کۆنەکان (دهخدا، برهان قاطع، معین، ناظم الأطباء، فرهنگ جهانگیری) ئەوە جەخت دەکەن کە (شەمشیر) واتە ناخونی شێر و هەروەهایش کلکی شێر. کەواتە شێخ ڕەزا لە یەک ڕووەوە چمکێکی ڕاستیی شاردووەتەوە. ئەو کە دەڵێ:

ناخونی من نەبوو، کلکی حەسەن ئاغا دەرچوو

ڕاستی نەفەرمووە، بەڵکە هەر پێی خۆش بووە شیعرەکەی بەوە ببڕێنێتەوە کە ئەنجامی گرەوەکە (کلکی حەسەناغا دەرچوو). ئەمەیش ئەگەرچی بە ڕواڵەت سەرکەوتنێکی زمانەوانیی حەسەنی هەمزە دەگەیێنێت، بەڵام لەوە زیاتریش سەرکەوتنێکی مەعنەویی شـــێخ ڕەزایە. مـن هیچ بە دووری نازانم شـــێخ ڕەزا ئەو شێمانەیەیشی لە بیری خۆیدا دانابێت کە خوێنەرێکی کونجکۆڵ، هەر لەپێناوی زانینی ڕاستیدا، بچێت و تەماشای فەرهەنگ (کتێب) بکات. ئەودەم بۆی دەردەکەوێت کە تەنیا حەسەنی هەمزە نییە کە گرەوەکەی بردووەتەوە، بەڵکە شێخ ڕەزایش باشی بۆ چووە، چونکە (شەم) هەم ناخونی شێرە و هەمیش کلکی شێرە. کاتێک خوێنەر ئەم ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، هاودەردی و خۆشەویستییەکی زۆرتری لە لا دروست دەبێت بۆ شێخ ڕەزا کە لە شیعرەکەدا، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، خۆی بە دۆڕاو داناوە. ئەمەیش دەبێتە سەرکەوتنێکی دیکە بۆ شێخ ڕەزا.

٤

ئێستا کە هێشتاکە باسی هەڵوێست و تاکتیکەکانی شیعری شێخ ڕەزا دەکەین، جێی خۆیەتی شیعرێکی شێخ بهێنمەوە یاد کە هەمیشە بۆ من مایەی سەرسووڕمان بووە. ئەو لە هەموو شیعرەکانیدا ئەو تاکتیکە بە کار دەبات کە پێشتر وردەکارییەکانیم باس کردن، چ هێرشبردنی ڕاستەوخۆ بێت، یا خۆماتکردن و بە دوویدا هێرشبردن. بەڵام لەو شیعرەدا، بە پێچەوانەی هەموو هەڵوێستەکانی دیکەیەوە، شێخ ڕەزا زۆر لاواز و بێدەستەڵات دێتە بەرگوێ و بەرچاو. بەپێی لێکدانەوەی مامۆستا شێخ موکەڕڕەمی تاڵەبانی، دەبێ شێخ ڕەزا ئەو شیعرەی بۆ شیخ محەمەد عەلیی کوڕی شێخ عەلی گوتبێت، کە دەبێتە برازای شێخ ڕەزا. شیعرەکە باسی ئەوە دەکات کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی بچێت بۆ دیوەخانی (برازا عەزیزەکەی)، بەڵام دەرگاوان ڕێی لێ گرتووە و وای پێشان داوە کە نایناسێت، ئەگەرچی شێخ ڕەزا تێی گەیاندووە کە من مامە شێخ ڕەزام، بەڵام سوودی نەبووە و تەنانەت دەرگاوان یەک دوو قسەی سووکیش بە شێخ ڕەزا دەڵێ. کەسێک کە دەرگاوانی دیوەخانی شێخ حەمەعەلی بێت، ناکرێ هێندە

ڕووداری بێت قسەی سووک بە مامی بڵێ. بەڵام دیسانیش ئەگەر ئەم هەڵوێستەی (خومەییس ئەفەندی)ی دەرگاوان (قاپییەوان) بەوە لێک بدەینەوە کە وەرامی جنێوێکی شێخ ڕەزای دابێتەوە، کە بەیتێک پێشتر هەواڵەی کردبوو:

ئەم سەددی بابە بۆ منە، ئیزهاری کە تا بڕۆم
یان مەرحەمەت کە حیزە! لە سەرما گونم تەزی

دیسان چاوەڕوانیی ئێمە لە شێخ ڕەزا ئەوەیە کە هێرشێکی توندی خۆیئاسا بکاتە سەر خومەییس ئەفەندیی دەرگاوان و شێخ محەمەد عەلیی برازایشی کە دیارە دەبێ ئەو تەمێی دەرگاوانی کردبێت، دەرگا بۆ شێخ ڕەزا نەکاتەوە. لە سێ چوار شیعری دیکەدا شێخ ڕەزا، بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا، هێرشی یەکجار توندی کردووەتە سەر شێخ محەمەد عەلی و جنێوی زۆر ناشیرینی پێ داوە و قسەی سووکی پێ کردووە، کەچی لەم شیعرەدا زۆر بێدەستەڵاتانە، نەک هەر بەرانبەر شێخ محەمەد عەلی، بەڵکە بەرانبەر دەرگاوانی شێخیش دەبەزێت و مەیدان چۆڵ دەکات:

وەختێ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چییە
دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە، ئەمما بە عاجزی

شێخ ڕەزایەک کە لە شیعری دیکەدا بە شێخ محەمەد عەلیی گوتبێت:

شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە دەستی بەمە بێ

بۆچی دەبێ ئێستاکە زمانی چووبێتە کلیلە و هێندە بێدەستەڵات بێت، نەتوانێت دوو جنێوی مزر بە شێخ محەمەد عەلی و دەرگاوانەکەیشی بدات؟ من خۆم هیچ لێکدانەوەیەکم نییە، بەڵام لەبارەی ناڕوونیی ئەم شیعرەوە دەکرێ ئەم سەرنجانە ڕابنێم:

١- بە پێچەوانەی هەندێ پارچە شیعری دیکەی شێخ ڕەزاوە، کە گومانیان لێ دەکرێت هیی ئەو بن، من هیچ گومانم لەم شیعرە نییە و دڵنیام کە شیعری شێخ ڕەزایە.

٢- ئەگەرچی شێخ ڕەزا بە درێژا باسی ئەوە دەکات کە چۆن خومەییس ئەفەندی ڕێی لێ گرتووە و خۆی لێ کردووە بە نێرەتورک و پێی وتووە: "تۆ کێی؟ ناتناسم،" کەچی بەرانبەر ئەو هەموو بێئەدەبییەی خومەییس ئەفەندی، شێخ ڕەزا تەنیا سووکەجنێوێکی پێ دەدات، پێی دەڵێت "حیزە"، کە ئەمە لەچاو جنێوی دیکەی شێخ ڕەزادا دەبێ بە پاداشت و خەڵات دابنرێت. دەبێ چ نهێنییەک هەبێت کە ئێمە نایزانین؟

٣- شێخ ڕەزا خۆی دەزانێت بۆچی ڕێی لێ دەگرن و ناهێڵن بچێتە ژوورەوە، بەڵام لە شیعرەکەدا ئەمە ئاشکرا ناکات: "وەختێ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چییە." خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەیە شێخ ڕەزا وێڕای کۆمەڵێ جنێو و سووکایەتی، شتێکیش ئاشکرا بکات، با ڕاستیش نەبێت و خەیاڵکردی خۆی بێت، کەچی شێخ بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

٤- کارەساتی هەرەگەورە لەگەڵ دوایین دێڕی شیعرەکەدا ڕوو دەدات: "دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە، ئەمما بە عاجزی." شتی وا

چۆن دەبێت؟ ئەو شێخ ڕەزایەی پاشا و والی و شێخ و ئاغای داوەتە بەر تیری هێرشی هونەرمەندانە و ناهونەرمەندانەی خۆی، ئەو شێخ ڕەزایەی "نە لە بێگانەی پرسیوە و نە لە خویش"، ئێستا بۆچی وا کز و لاواز و بێدەستەڵاتە کە ناتوانێت بەرگرییەکی بچووکیش لە خۆی بکات؟

ئەمە ناڕوونییەکی گەورەیە لە شیعری شێخ ڕەزادا، بەڵام نە ناڕوونیی زمانەوانییە، نە ناڕوونیی هونەری و نە ناڕوونیی فۆرمی شیعر، بەڵکە بابەتێکی دیکەیە کە ڕەنگە لە ناڕوونیی مێژووییەوە، یا ناڕوونیی توێژینەوەوە نزیکتر بێت. شێخ ڕەزا لە شیعری دیکەدا باسی پیری و بێهێزی و لاوازیی خۆی دەکات، بەڵام هەمیشە بە شێوەیەکی هونەری، کە بناخەکەی لەسەر هێزی سێکسی یا مێژووی سێکسیی شێخ ڕەزا دادەمەزرێت، قەرەبووی ئەو لاوازی و کزییە دەکاتەوە. لە شیعرێکدا کە دەیەوێ باسی پیربوونی خۆی بگێڕێتەوە دەڵێ:

> شێخ ڕەزا پیر بووە، ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
> تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
> دەست بە گۆچان دەگەڕێ، ئێستە لەبەر زەعفی وجوود
> مەترەقە سەرزلەکەی قووەتی جارانی نییە.

لێرەدا شێخ ڕەزا سەرەڕای ئەو هەموو پیری و بێهێزییە، پشتی بە مەنتیقی مێژوو قاییمە، پشتی بە مەنتیقی مێژووی سێکسی، یا ڕاستتر، مێژووی "مەترەقە سەرزلەکەی،" قاییمە. ئەوێک کە ڕۆژێ

له ڕۆژان خاوەنی "مەترەقێکی سەرزل" بووبێت، کەی گرنگە ئێستا پیر بێت یا قووەتی جارانی نەبێت؟

هەر ئەم مەنتیقە، بەڵام بە شێوەیەکی تر، لە شیعرێکی دیکەیدا دووبارە دەبێتەوە:

عومرم گەیی بە هەشتا، کێرم بەکارە هێشتا

گەیشتن بە تەمەنی هەشتاساڵی دەبێ نیشانەی بێهێزی و پیری بێت، بەڵام لای شێخ ڕەزا ئەم هاوکێشەیە کار ناکات. ئەو پێوانەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پێوانی تەمەن و هێز و گوڕ. لەم دێڕەیشدا هێزی خۆی لە مەنتیقێکی سێکسییەوە وەردەگرێت، بەڵام مەنتیقێکی مێژوویی نییە، بەڵکە مەنتیقێکی فەلسەفی و واقیعییە، مەنتیقێکە لەسەر بناخەی کارکردی ئێستا دامەزراوە. ئەو پێی وایە بۆ ئەوەی هەبیت، دەبێ ئالەتەکەت کار بکات. ئەگەر فیلۆسۆفی فرانسی ڕێنێ دیکارت (١٥٩٦–١٦٥٠) هەبوونی خۆی بەوەدا دەناسێتەوە کە بیر دەکاتەوە (دواتر ئەمەی کرد بە گومان): من بیر دەکەمەوە، بۆیە هەم: [I think, therefore I am *cogito ergo sum*]، شێخ ڕەزا هەبوونی خۆی بە ئالەتەکەیدا دەناسێتەوە: "کێرم بەکارە، کەواتە من هەم." هەر ئەم هاوکێشە فەلسەفییەیە کە لە شیعری پێشوودا مەودایەکی مێژووییشی دەخاتە سەر و مێژوو دەکاتە هێزێک کە بتوانێت ئێستایشی هەم پێ تەفسیر بکات و هەمیش پاساو بدات (تفسیر و تبریر). ڕاستییەکەی ئەوەیە شێخ ڕەزا ئەم ژێربێژییە فەلسەفییەی لە چەند شیعری دیکەیشدا و بە

شێوەی جۆراوجۆر دەربڕیوە.

هەندێک لە ناڕوونییەکانی شیعری شێخ ڕەزا لەبەر شێوەی خوێندنەوەی بەیتەکان و گونجاندنیان لەگەڵ بنەماکانی زانستی عەرووزدا پەیدا دەبن. ئەمە تەنیا لە شیعری شێخ ڕەزادا ڕوو نادات، بەڵکە بەشێکی زۆری شیعری کلاسیکی کوردی، بە هۆی خوێندنەوەی هەڵەوە و بە هۆی ئەوەوە کە خوێنەر شارەزای زانستی کێشەکانی شیعری کلاسیک (عەرووز) نییە، ئەم ناڕوونییە سەر هەڵدەدات.

لەو شیعرەدا کە پەشیمانیی خۆی دەردەبڕێت لەوەی کەرکووکی بە جێ هێشتووە، شێخ دەڵێت:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد.

کێشی ئەم شیعرە (هەزەجی موسەممەنی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە = هزج مثمن أخرب مكفوف محذوف) و بەم شێوەیە دابڕ دەکرێت:

v - - /v - - v /v - - v /v – –

پێیەکانی شیعرەکە بەم شێوەیەن:

مفعول / مفاعیل / مفاعیل / فعولن

زۆربەی ئەوانەی دیوانی شێخ ڕەزایان چاپ کردووە یا بە شێوەیەکی دیکە کاریان لەسەر شیعرەکان کردووە، بەیتی

دووەمیان بەم جۆرە خوێندووەتەوە:

گەردوون سنگی کردم و هێنامییە کۆیێ
میوانی لە کن مامە غەفووری لەجەرم کرد

نووسینی وشەی دووەم لە دێڕی یەکەمی ئەو بەیتەدا لە دوو ڕووەوە هەڵەیە: جارێکیان ئەوەیە کە لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا ناگونجێت و لەنگییەک دروست دەکات، جارێکیش لەبەر ئەوەی وشەکە (سنگ) یا (سەنگ) نییە، بەڵکە (سنک)ـە کە دەبێ دەنگی بزوێنی (بزرۆکە) بخرێتە دوای هەردوو کۆنسونانتی یەکەم و دووەم، کە ئەودەم وەهای لێ دێت (sinik).

(سنک) و (سنککردن) وشەیەکە بە ڕادەی یەکەم لە ناوچەی گەرمیان بە کار دەبرێت، بە مەعنای ئەوەی پەت بخەیتە ملی سەگێک و ڕایکێشیت. بە پەتەکە دەگوترێت (سنک) و بە کردارەکەیش (سنککردن). تەنانەت هەندێکجار دەروێش بۆ پێشاندانی بچووکی و دڵسۆزیی خۆی بۆ شێخی ڕێبەری دەڵێت: (من سنکی ئەو شێخە وا لە ملما)، واتە خۆی بە سەگی شێخەکەی دەزانێت. شێخ ڕەزایش وەک کەرکووکییەک و وەک گەرمیانییەک شارەزای وشەی (سنک و سنککرن) بووە و زۆر جوانی بە کار بردووە: ''گەردوون سنکی کردم.'' کە ئەمەمان زانی، ئەودەم دەبێ ئەو دێڕە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە و دابڕ بکرێت:

گەردوون سـ / نکی کرد / م و هێنامی / یە کۆیێ
میوانی / لە کن مامە / غەفووری لە / جەرم کرد

له زۆر شـــیـــعـــری دیکەیشـــدا، چ هیـی شـــێخ ڕەزا و چ هـیـی شاعیرانی دیکەی کلاسیک، هەڵەی لەم بابەتە هەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی شیعرەکە وەک خۆی نەخوێنرێتەوە و وشەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

# ٥

بەشێکی یەکجار گرنگی تێکستی ناڕوون لە مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیدا ئەو ئەدەبەیە کە هەندێک لە سۆفییەکان نووسیویانە و بە "شەتەحات" یا "شەتەحییات" ناوی دەرکردووە. شەتەحییات واتە گۆکردنی هەندێ قسەی بە ڕواڵەت لەگەڵ شەرعدا ناکۆک، ئەو قسانەن کە لە کاتی مەستی و زەوقدا هەندێ لەوانەی گەیشتوون [بە پلەی بەرزی تەسەووف و خواناسی] دەیکەن، وەک قسەکانی حەللاج و جونەید و بایەزید، ئەو وشانەن کە سۆفییەکان لە کاتی وەجد و حاڵ و بێخۆییدا لە دەمیان دەردەچێت. شەتەحییات لای هەندێ کۆلکە مەلا و دینداری نەخوێندەوار وەک کفر تەماشا دەکرێت.

لە ئەدەبی شەتەحییاتدا نموونەی یەکجار بەرز و جوان هەیە کە هەتا زیاتر لێی ورد ببیتەوە، خۆشی و چێژێکی ڕۆحی و هونەریی زۆرترت پێ دەبەخشێت. بەشێکی زۆری نووسینەکانی حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج (٨٥٨-٩٢٢) شەتەحییاتن، بە تایبەت (کتێبی تەواسین) کە تێگەیشتنی ئاسان نییە. ڕەنگە ناودارترین قسەی حەللاج (أنا الحق: منم ڕاستی) بێت، کە هەندێکجار وەک

(منم خودا) لێک دەدرێتەوە.

بایەزیدی بەستامی (٨٠٤-٨٧٤) دەفەرمووێت: ''خوای گەورەم لە خەوندا بینی، پێم گوت: ڕێگە بۆ لای تۆ چۆنە [واتە: چۆن بێم بۆ لات؟] فەرمووی: [نەفسی] خۆت بە جێ بهێڵە و وەرە.'' هەر بەستامی فەرموویەتی: ''پێم سەیرە کەسێک خودای ناسیوە و دەیپەرستێت.'' هەروەها: ''کەعبەم بینی بە دەورمدا دەسووڕایەوە.'' یا ''مووسا حەزی دەکرد خودا ببینێت، من حەز ناکەم خودا ببینم، ئەو حەز دەکات من ببینێت.''

بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی شەتەحییاتی سۆفییە گەورەکان، دەبێ ئێمە پێشەکی چاو لە مەنتیقی ڕوواڵەتیی دین بپۆشین و ئەوە پەسەند بکەین کە باوەڕ پلەی جیاوازی هەیە و هەر پلەیەکیش زانیاری و سنوور و قانوونی خۆی هەیە. ئەم ڕاستییە تەنانەت تێگەیشتنی قورئانی پیرۆزیش دەگرێتەوە. کاتێک بایەزید دەڵێ: ''پێم سەیرە کەسێک خودای ناسیوە و دەیپەرستێت،'' ئەمە بە ڕوواڵەت دژی بنەما گشتییەکانی دینە، چونکە کەسێک کە خودای باش ناسی، ئەوسا چاکتریش دەتوانێت بیپەرستێت. بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە، دەبینیت مەبەستی بایەزید ئەوەیە، خودا هێندە خاوەنبەزەیی و دلۆڤانە کە تەنیا چاوەڕوانی بەزەیی و خۆشەویستی و بەخشینی لێ دەکرێت. کاتێ بەندەیەکی خودا تێبگات خودا، خودایەکی وەهایە، ئیدی هیچ ترسێکی لا نامێنێت و مەگەر هەر لەبەر خۆشەویستی، خودا بپەرستێت، نەک لەبەر ترس. دیارە مەبەستی بایەزیدی بەستامی ئەوە نییە با خەڵکی خودا

نەپەرستن، بەڵکە دەیەوێ بێــــسنووری و فـــــراوانیی بەزەیی و خۆشەویستی و بەخشندەییی خودا وێنا بکات.

هێندەی من بزانم لە ئەدەبی کوردیدا تێکستێکمان نییە کە بە ڕاستی بتوانین ناوی بنێین شەتەحییات. لای شاعیرانی سۆفیی کورد، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، مەولەوی، مەحوی... هتد جــۆرێک دەربڕین دەخــوێنینەوە کــە ڕەنگە زیاتر لەو نموونانەوە نزیکتر بن کە پێشتر وەک دەربڕی "دژەمەنتیق" یا "مەنتیقی ئاوەژوو" ناوم هێنان. لە باسکردنی شەیتان (ئیبلیس)دا ئەحمەدی خـــانی لێکدانەوەیەکی تایبــەتی خــۆی هەیە کــە لەوانەیە لای نوێنەرانی دینی ڕەســمی و ڕوواڵەتی زۆریش جێگای ڕازیبــوون نەبێت. بەڵام خانی خۆیشی ئەو جۆرە باوەڕانەی زۆر بە پارێز و بە وریایی دەردەبڕێت. بۆ نموونە خانی کڕنووشنەبردنی شەیتان بۆ ئادەم بە هەڵە نازانێت. دیارە ئەم باوەڕە پێــشتــر لای حــەللاج و غەزالییش هەبووە.

شێوەیەکی دیکەی ناڕوونیی تێکست پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خوێندەوارییەوە هەیە، واتە تەنیا کەسێکی خوێنەوار، ئەویش خوێنەوار بەو زمانە و بەو ئەلفوبێیە، دەتوانێت لە بیر و مێشکی خۆیدا وێنەیەکی شیعری لەشـــدار بــکات (تجسید: Embody, Incarnate). ئەم جۆرە میتافۆرانە تەنانەت ناکرێ تەرجەمەی زمانێکی دیکەیشی بکەیت، چونکە وێنەیەک کە لەسەر بنچینەی تیپەکانی (حرف) ئەلفوبێیەکی تایبەت دامەزرێنراوە، بە ئەلفوبێی زمانێکی دیکە دروست ناکرێتەوە. مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی

(١٢٠٧-١٢٧٣) دەفەرمووێت:

تو قـاف قندی و من لام لب تلخ
ز قاف و لام مـا قل میتـوان کرد

[تۆ قافی شەکریت و من لامی لێوی تاڵ
لە قاف و لامی ئێمە دەکرێ قول: بڵێ  دروست بکرێت].

لە پێکهێنانی ئەم وێنە شیعرییەدا نەک تەنیا حەرفی (ق) و (ل) بەشـداری دەکـەن، بەڵکە ئاشنایەتی و زانیـاری لەبارەی قورئانیشەوە نەخشێکی ناوەندیی هەیە، چونکە (قل: قول: بڵێ) لە دەیان ئایەتی قورئاندا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە.

هەر مەولانای ڕۆمی لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

خـمـار و خـمـر یکسـتی ولی الف نگذارد
الف چو شد ز میانه، ببین خمار چه باشد

[مەی و مەیفرۆش هەر یەکن، بەڵام ئەلفە کە ناهێڵێت
کە ئەلفی نێوانیان ڕۆیی، ببین مەیفرۆش چیی لێ دێت]

کەسێک خوێنەوار نەبێت و شارەزای فارسی و عەرەبی و قورئان نەبێت، هیچ چێژێک لە وێنەی وەها وەرناگرێت. من کە شیعری دووەمم بە کوردی ڕوون کردووەتەوە، بە ڕاستی وێنەکەم نەکردووەتە کوردی، بەڵکە تەنیا مەعنای ڕواڵەتیی بەیتەکەم تەرجەمە کردووە، چونکە مەولانا دوو وشەی (خمار) و (خمر)

کردووەتە کاکڵی میتافۆری ئەم بەیتە و دەیەوێ ئەو (ا: ئەلف)ـەی کە بەشێکە لە وشەی (خمار) و لە وشەی (خمر) جیای دەکاتەوە، لا ببـات، بۆ ئەوەی هەردوویان ببن بە یەک. بێجگە لە لایەنی زمانەوانی، بەیتەکە پڕە لە نیشانەی فەلسەفەی (وەحدەت ئەلوجوود: وحدة الوجود)یش. هەر لەم شێوە داڕێشتنە بەیتێکی ناوداری ئیبنولفاریز [ابن الفارض] (١١٨١–١٢٣٥) هەیە دەڵێت:

بینی و بینک انی ینازعنی
فارفع بلطفک انی من البین

من کە بەیتەکەی مەولانای ڕۆمی لەگەڵ ئەم بەیتەی ئیبن فاریزدا بەراورد دەکەم، پێم وایە مەولانا وردەکاریی زمانەوانی و شاعیرانە و سۆفییانەی زیاتری تێدا بە کار بردووە.

لە شیعری کوردیدا وێنەی لەم جۆرە لای نالی و مەحوی و هەندێک لە شاعیرانی ئەمڕۆیش بەرچاو دەکەوێت. نالی دەڵێت:

لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵف چیم
دەزانی بەم سیانە تاڵبی چیم

ئەم وێنەیە تەنیا خوێنەوارێکی کورد یا فارس دەتوانێ لە مێشکی خۆیدا لەشداری بکات، ئەگەرنا خوێنەرێکی عەرەبیش ناتوانێت چێژێکی لێ وەربگرێت.

ناکرێت ئێمە هەمیشە ناڕوونیی تێکست بگەڕێنینەوە بۆ هۆی زمانەوانی یا بەکارهێنانی مەنتیقی بەراوەژوو یا سیمبۆڵ و

نیشانەی تایبەتی بوارێکی زانیاری. جاری وا هەیە قسەیەک یا تێکستێک هیچ ئامانجێکی نییە و بە شێوەیەک دادەڕێژرێ کە ئەوەی دەیڵێ یا دەینووسێت، خۆیشی نازانێت بۆچی وای دادەڕێژێت و چ مەبەستێکی پێ دەپێکێت. ئەو گۆڕانە گەورەیەی بزووتنەوەی سورریالیزم و داهێنەرانی سورریالیست لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هێنایانە ناو کایەکانی ئەدەب و هونەر و فیلم و مۆسیقا و سیاسەت و فەلسەفەوە، زۆرجار وا باس دەکرێت وەک بڵێی هیچ ئامانج و هیچ مەبەستێکی نەبووە، بەڵام نە داهێنەرانی سورریالیست خۆیان ئەم پێناسەیەیان پێ ڕاستە و نە ئەنجامی بزووتنەوەکەیش ئەو پووچگەراییيە بوو کە بە شێوەیەکی نارەوا دەنووسێنرێت بە ناوی بزووتنەوەی سورریالیزمەوە. تۆ کە مانیفێستی یەکەم (١٩٢٤) یا مانیفێستی دووەمی سورریالیستەکان (١٩٢٩) دەخوێنیتەوە لەپاڵ کۆمەڵێک دەربڕینی نادیار و تەماویدا، دەزانیت ئاندرێ برێتۆن (١٨٩٨-١٩٦٦) و هاوڕێکانی هەم مەبەستێکی شارستانانە و فەرهەنگییان هەبووە و هەمیش ئامانجێکی هونەری و سیاسی.

لەم ڕۆژانەدا ئانتۆلۆگییەکی شیعری سورریالیستانەی ئەمەریکی و ئینگلیزیم دەخوێندەوە. ڕاستە بەشێک لە تێکستەکان هیچ ناڵێن، بەڵکە تەنیا ڕیزکردنێکی ناڕێکوپێکی وشە و دەستەواژەن، بەڵام تێکستی وەهایشم بەرچاو کەوت کە هەر شاعیرێکی سیاسەتکار و شۆڕشگێڕیش بینووسیایە لەوە چاکتر و جوانتری نەدەنووسی.

باوکێک دەناسم، زۆرجار لە کوڕە چوار پێنج ساڵانەکەی خۆی دەپرسی: "تۆ منت چەند خۆش دەوێ؟"، کوڕەیش کە لەو تەمەنەدا نەیدەتوانی لایەنە مەنتیقی و نامەنتیقییەکانی پرسیارەکە هەڵسەنگێنێت، وەرامی باوکی دەدایەوە و دەیگوت: "بیستوحەوت." بێگومان پرسیارێکی بەو شێوەیە دەبێ هەر بەو شێوەیەیش وەرام بدرێتەوە.

مامۆستا عەلائەددین سەججادی لە چەند بەرگی "ڕشتەی مرواری"دا پاژێکی تەرخان کردووە بۆ هەندێ قسەی کورت و نادیار و ناوی ناوە "وەڵامی بێ وەڵام." لەم پاژەی ڕشتەی مرواریدا زۆر شتی وا دەخوێنینەوە کە ناوەڕۆکەکەی تەماوی و نادیارە، بەڵام کە بیر لە هەلومەرجی گوتنی ئەو قسانە دەکەیتەوە، دەبینیت هێندەیش بێناوەڕۆک و بێئامانج نین.

من هەر لە منداڵییەوە ئاشنای کتێبی "حکایەتی مەلای مەشهور: لطائف خواجە نصرالدین، رحمة الله علیە" بووم. دەیان جار و زیاتریش خوێندوومەتەوە. ئێستایش جاروبار کە دەکەوێتە بەرچاوم، دیسان یەک دوو چیرۆکی هەر لێ دەخوێنمەوە. تەنانەت کە منداڵەکانم بچووک بوون، دەیان چیرۆکی مەلا نەسرەددینم بۆ خوێندوونەوە. بە ڕاستی مەلا نەسرەددین یەکێکە لە گەورەترین هونەرمەندانی سورڕیالیست لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا. کردار و گوتاری مەلا نەسرەددین نموونەی دەربڕین و داڕێشتنی هەرە باڵا و داهێنەرانەی سورڕیالیزمی ڕۆژهەڵاتییە. لەناو هەموو چیرۆکەکانی مەلا نەسرەددیندا، یەکێکیان هەر لە منداڵییەوە

سەرنجی ڕاکێشاوم، نەک لەبەر ئەوەی خۆشە، یا مرۆڤ دەهێنێتە پێکەنین، بەڵکە لەبەر ئەوەی بەپێی تێگەیشتنی ئەوسا و ئێستایشم، هیچ ناڵێت. خۆشیی چیرۆکەکەیش، هەر نەبێ بۆ من، لەوەدایە کە هیچ ناڵێت. چیرۆکەکە لە کتێبەکەدا بەم جۆرە، بە شێوەزاری کەرکووکییانە و بە ڕێنووسی ئەوسای کوردی، نووسراوە:

(حکایت) ڕۆژێک مەلا لە ناو قبرستانەوە ئەم سەر ئەو سەر ئەکا ئەبینێ سەگێکی زۆر گەورە میز ئەکاتە قەورەکانە مەلاش گورج ئەخورڕێتە سەگەکە و بەدارەکەی دەسیەوە ئەداتە سەگەکە ئەویش ڕائەپەڕێ بەددانی داوانی مەلا ئەگرێ پارچە پارچەی ئەکا مەلاش لەترسا ئەڵێ (دەبرڕۆ سەگی آزام دەبرڕۆ).

لەژێر چیرۆکەکەدا وێنەیەکی مەلایش کراوە لەو کاتەدا کە سەگەکە پەلاماری دەدات. ژێرنووسی وێنەکە دەڵێ: (مەلا بەسەگەکە ئەڵێ دەبرڕۆ سەگی ئازام دەبرڕۆ)

تەواو. ئیتر نە نوختە و نە فاریزە و نە نیشانەی گواستنەوە. دەمویست چیرۆکەکە سەرلەنوێ دابرێژمەوە و بە کوردییەکی باشتر و ڕێنووسێکی ڕاستتر بینووسمەوە، بەڵام لە خزمەت ڕۆحی هونەرمەندێکی سورڕیالیستی گەورەی وەک مەلا نەسرەددیندا و لە خزمەت ڕۆحی دەروێشێکی زمان و فەرهەنگی کوردیی وەک خوالێخۆشبوو (محەمەد ئەمین عەسری)دا ئەو مافەم نەدا بە خۆم. بە ڕاستی من دژی ئەوەم مێژوو سەرلەنوێ بنووسرێتەوە، دژی "داڕێشتنەوەی مێژوو"م.

سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

١- نالی: دیوانی نالی (چاپی جۆراوجۆر).
٢- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (چاپی جۆراوجۆر)
٣- تاڵەبانی، د. مــوکــەڕڕەم: شــێخ ڕەزای تاڵەبانی؛ ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١.
٤- دیوانی جەزیری (چاپی جۆراوجۆر).
٥- خانی: مەم و زین (چاپی جۆراوجۆر).
6- Hirshfield, Jane: Hiddenness, Uncertainty, Surprise: Three Generative Energies of Poetry, Tarset : Bloodaxe Books, 2008.
٧- ئینجیل (بە کوردی و سویدی).
٨- قورئان
٩- شیخ محمود شبستری: گلشن راز
١٠- حکایەتی مەلای مەشهور، لطائف خواجه نصرالدین رحمة الله علیه، چاپی عبدالخالق محمد أمین عصری، ١٩٨٤.
١١- سەججادی، عەلائوددین: ڕشتەی مرواری (هەشت بەرگ).
١٢- مەولانا جەلالوددینی ڕوومی: دیوانی شەمسی تەبریزی.
١٣- محەمەد، مەسعوود: چەپکێک لە گوڵزاری نالی.

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی،
# شاعیرێکی هەجووکاری کورد

س. ج. ئەدمۆندس
فەرهاد شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی


سەرچاوە:
C. J. Edmonds: A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani, Royal Central Asian Journal, Volume: 1935, number 1, February 1935, pp. 111-123

# ١

له نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بنەماڵەی سەربەخۆی بەبە له کوردستانی خوارووادا فەرمانڕەوا بوو. ئەو درەختە (شەجەرە)ی خوارەوە کە بەشی زۆری لەسەر زانیارییەک هەڵچنراوە، لە کتێبی ''مێژووی فەرمانڕەوایانی بابان[*] له شارەزوور و ئەردەڵان''ی سەیید حوسەین موکریانی (ڕواندز، ١٩٣١) وەرگیراوە، پێوەندی و زنجیرەی جێگرتنەوەی ئەمیرە هەرە گرنگەکان پێشان دەدات.

له خاناوە ئیتر هەموو فەرمانڕەوایەک لەقەبی پاشای هەبوو. مێژووەکان تەنیا وەک نیشانەی گشتی دیاری کراون. ماوەی حوکمڕانییەکان بەردەوام و پێوەست نین؛ له گۆڕینی ساڵی کۆچی (هیجری)دا بۆ ساڵی مەسیحی هەمیشە دەشێ یەک ساڵ هەڵە ڕوو بدات، مەگەر ڕۆژی مانگەکە بزانرێت؛ له هەندێ باری دواتردا، لێتێکچوون لەنێوان کۆچی و ساڵنامەی تورکیی ڕوومیدا ڕەنگە ببێتە هۆی (هەڵەی) ساڵێکی تریش. بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆی بنەماڵەکەوە، وەک ئەنجامێکی دوژمنایەتیی تورکیا و ئێران، گەلێ

(*) شێوەی ڕاستینی کوردی(ی وشەکە) بەبەیە؛ بابان گۆڕانێکی فارسی یا تورکییە.


بابا سولەیمان
١٦٦٣–١٦٧٥
سەلیم
١٧٤٣–١٧٥٧
خالید
١٧٣٢–١٧٤٢
خانا
١٧١٥–١٧٣٢
بەکرە سوور
١٦٧٥–١٧١٥
مەحموود
١٧٨٠–١٧٨٣
ئەحمەد
١٧٧٨–١٧٨٠
سولەیمان
١٧٥٧–١٧٦٣
عەبدوڵڵا
١٨١٦
ئەوڕەحمان
١٨٠٣–١٨١٣
ئیبراهیم
١٧٨٣–١٨٠٣
سولەیمان
١٨٣٨ مردووە
مەحموود
١٨١٣؟
عەبدوڵڵا
١٨٣٩
ئەحمەد
١٨٣٨–١٨٤٧

له حوکمڕانییەکان له جارێک زیاتر ناوبڕ کراون؛ زۆر له فەرمانڕەواکان له جارێک زیاتر دەستەڵاتیان گرتووەته دەست. بەو جۆرە وا ڕووی داوە کە حوکم لەناو حوکمدا هەبووە و دیارە کە لەوانەیە بیر و بۆچوونی جیاوازیش هەبێت لەسەر ئەوەی کە چی بە جیابوونەوەی کاتەکی دابنرێت و کارکردی دانیشتن لەسەر تەخت چییە. گۆڕانی بەردەوام لە ١٧٦٣وە تا ١٧٧٨ و لە ١٨١٣وە تا ١٨٤٧، بە تایبەت، بە هیچ جۆرێک هیی هەڵاواردن نییە. هەندێ لەو مێژووانەی دراون بە دڵنیاییەوە ڕاستن؛ دەکرێ دانیشتنی ئەحمەد پاشا لەسەر تەخت باس بکرێت چونکە لەم مێژوونیگارەدا کە نالیی شاعیر دایناوە ئەوە چەسپێنراوە:

شاهی جەمجا نالیبا، "تەئریخی جەم" تەئریخییە

بەپێی سیستێمی (حیسابی) ئەبجەد تێکڕای نرخی حەرفە عەرەبییەکان کە لە وشەکانی (تەئریخی جەم: تاریخ جم)دا هەن، کە بە گوێرەی بنەماکانی نووسینی فارسی، نەک کوردیی تازە، نووسراون، دەکاتە ١٢٥٤، واتە ١٨٣٨ی زایین.

ناوەندی یەکەمینی حوکمی بەبە قەڵاچوالان بوو، کە هێشتایش کەلاوەکانی لە نزیکی دێی چوارتا، کە ئێستا بارەگای کارگێڕیی قەزای شارباژێرە، دەبینرێن. ئیبراهیم پاشا، کە ساڵی ١٧٨٣ چووە سەر تەخت، نزیکەی دوانزدە میل پێتەختەکەی بەرەو باشووری ڕۆژاوا گواستەوە، لەودیوی زنجیرە شاخی ئەزمڕەوە، بۆ گوندی مەڵکەندی، لە دەشتی بە پیت و بەرەکەتی شارەزوور، و شارێکی تازەی دامەزراند، بە گشتی وا باس دەکرێ کە خۆی، بە

ناوی پاشـــای ئەو کـــاتەی بەغـــدادەوە، ناوی نـاوە ســـولەیمانی؛ قسـەیەکی وا لەنـاو کورددا هەیە و مـاوەتەوە گوایە جـێگاکـە هیی سولەیمانییـەکی پێشـتر بووە کە سولەیمانی بەبە دایمەزراندووە؛ مەڵکەندییش هێشتا ماوە و گەڕەکێکی شارەکەیە.

لە مـاوەی دووەمی ئەو هەرا و ئاشـووبەی لە سـەرەوە باس کـرا سـەربەخـۆیی کـورد زیاتر و زیاتر سـازشی لەســەر کـرا. لەگـەڵ ئەوەیشـدا هەتا دوایی سیمای کارگێڕییەکە هەر بە دەست بەبەوە مـایەوە و حـاکـمـەکـان لەشکری ڕێکخـراوی خـۆیان و نیـشـانە ڕواڵەتیـیـەکانی پاشـانشـینێکی بچکۆلەیان هەر هێـشـتـەوە. لە کـۆتاییدا، سـاڵی ١٨٤٧، ئەحـمـەد پاشـا لە نزیکی کـۆیە بەرانبـەر نەجیب پاشای بەغداد شکا و خانەدانی ئەمیرانی بەبە گەیشتە کـۆتـایی. عـەبدوڵڵا پاشـای برای ئەحـمـەد، کـرا بە فـەرمـانداری سلێمانی، بەڵام وەک کارمەندێکی تورک، بە پلەی قایمەقام؛ ساڵی ١٨٥١یش لەسەر کار لا برا و تورکێک لە جێگەکەی دانرا.

کـلاودیوس جـەیمس ریچ، نوێنەری شکۆمـەندی کـۆمـپـانیـای ڕۆژهەڵاتـی هیندسـتـان لە بەغـداد، کـە سـاڵی ١٨٢٠ سـەری لە سلێـمانی داوە، لە کـتـێبی "چیرۆکی مانەوەیەک لە کوردسـتان"دا گـێـڕانەوەیەکی زیندووی دیوانی بەبەی سـەردەمی حـوکـمـڕانیی مـەحـمـوود پاشـای بۆ بە جێ هێـشـتـووین. (جێگـای تێرامـانە کـە دەبینین لە تۆماری "تاریخ و ڕاستی لەبارەی مێژووی کوردستانەوە" کە لە لاپەڕەی ٣٨٥–٣٨٧ی بـەرگی یەکەمدا تەرجەمـە کراوە، لەژێر سـاڵی ١١٩٩ی کـۆچیـدا، کـە دەکـاتە ١٧٨٤ی زایین، نووسـراوە

"دامەزراندنی سولەیمانییە بۆ جاری دووەم". کاپتێن ڕ. میگنانی سوپای بۆمبای، لە بەهاری ١٨٣٠دا، چاوی بە سولەیمان پاشای برای مەحموود کەوتووە کە لەسەر تەخت بووە؛ لە گێڕانەوەیەکی لاوازی کەمبەخشدا دەڵێ حوکوومەتەکە "لەلایەن پاشایەکەوە دەبرێ بە ڕێوە، کە لە بنەچەدا کوردە و نە ژێردەستەی تورکە و نە هیی ئێران" (سەفەرێکی زستانە، پاژی دوانزدە). ج. بەیلی فرەیزەر لە بەهاری ١٨٣٤دا وەسفی "دەوڵەتی بچکۆلە"ی سولەیمانی دەکات وەک "نێچیری کۆمەڵێک بەدبەختی و نەکبەتی کە هیچی لێ نەهێشتووەتەوە و کردوویەتی بە هەژاری و ناکامییەکی تەواو،" لە وەسفی سولەیمان پاشایشدا دەڵێ "کەسێکی دۆستانە بوو" بەڵام بە دەست داوا ناکاتەکانی ئێرانەوە هەراسان بووە (سەفەر بۆ کوردستان، میسۆپۆتامیا، هتد، نامەی شەشەم). فێلیکس جۆنز بە هاوڕێتیی سێر هینری ڕاوڵینسۆن لە ئەیلوولی ١٨٣٤دا چووەتە سولەیمانی و لە "سەفەر بەناو چەند بەشێکی ئێران و کوردستاندا" بە باشە باسی حوکمڕانی ئەو کاتە، ئەحمەد پاشا دەکات و ئەوە لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە کە لە ماوەیساڵێکدا کە هاتبووە سەر تەخت "هێزێکی شایانی ڕێزی پێکەوە ناوە، بەپێی تاکتیکی ئەورۆپایی ڕێکی خستووە، لەم کاتەدا دەگاتە نزیکەی هەشتسەد پیاو."

کوردی شارەزوور لەو ڕووەوە لە دەراوسێ فارسەکانیان دەچن کە وا دیارە بەهرەی "وتن"ی شیعرێکی تا ڕادەیەک باش لەناو خوێندەوارەکاندا بڵاوە و هەیە، بەڵام لەناو نەخوێندەوارەکانیشدا دەگمەن نییە. لە سەردەمی حوکمڕانیی بەبەدا دەستەیەکی چاکی

شـاعـیـران لە دیوانی سـولەیمانی و لە ناوچەکـانی سـەر بە سولەیمانیدا گەشەی کرد. شیعرە چاک و خۆشویستراوەکان یا بە شـێوەی دەفـتـەری دەسـتنووس، کـە پێی دەگـوترێ بەیاز، یا بە زارەکی گەیشتووەتە ئێمە. دیوانی، واتە سەرجەمی کارەکانی، دوو لەم شاعیرانە، مەوللا خزر "نالی" (١٧٩٧-١٨٥٥)، کە پێشتر لە باسی ئەو مێژوونیگارەدا کە کاتی ئەحمەد پاشای دیاری کردووە، ناو برا، هەروەهایش موستەفا بەگ "کوردی" (١٨٠٩-١٨٤٩)، لەم ماوەیەدا لە چاپخانەی داروسـسەلام لە بەغـداد بڵاو کـرانەوە. دیوانی دوو شـاعـیری دیکەیش لە عـیـراق بڵاو کـراونەتەوە: هیی شێخ موحەممەد "مەحوی" (١٨٣٥-١٩٠٩)ی خەڵکی سولەیمانی، لە چاپخانەی حوکوومەت، سولەیمانی، ساڵی ١٩٢٢؛ هەروەهایش دیوانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٤)، کە بەشی زۆرترینی ژیانی خۆی لە کۆنستانتینۆپڵ بردە سەر و هەر لەوێیش مرد، لە چاپخانەی داروسسەلام، لە ساڵی ١٩٢٥دا.

قوتابخانەی تازەی خاوێنخوازانی کورد خۆشەویستییەکی کەمیان لا ماوە بۆ پارناسییانی پێش شەڕ بە شێوەی نەگۆڕی شیعر و زمانی تێکەڵ لە وشەی عەرەبی، فارسی و تورکییانەوە شانبەشانی وشەی کوردی. بەڵام، بە لای کەمەوە، دوو لەو شاعیرانە وا دیارە هێشتا هەر خۆشەویستن: حاجی قادری کۆیی کە لە سەرەوە باس کرا، لەبەر هیچی دیکەی تایبەت نەبێت لە شیعرەکانیدا، لەبەر ئەو نیشتمانپەروەرییە بەهێزەی کە ئاوازێکی دەگمەن دەدا بە گوێی کوردیدا لە هەژارترین جێگەدا لەناو گردەکاندا؛ هەروەهایش شێخ رەزای تاڵەبانی، کە بابەتی ئەم نووسینەیە.

# ٢

شێخ ڕەزا بە زمانانی فارسی و عەرەبی و تورکی، هەروەهایش بە کوردی دەینووسی. سەرجەمی کارەکانی چاپ نەکراوە، بەڵام چەند نموونەیەکی شیعرەکانی لە گۆڤاری ''دیاریی کوردستان''دا هەن، کە لە بەغداد، لە مارتی ١٩٢٥ەوە تا ماییسی ١٩٢٦ بڵاو کرایەوە، هەروەهایش لە ''ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد''دا، ئەنتۆلۆگییەکی شاعیرانی کورد، ئەمین فەیزی ئامادەی کردووە و لە کۆنستانتینۆپڵ، ساڵی ١٩٢١، بڵاو کراوەتەوە؛ لەمەی دواییدا پانزدە شیعری شێخ رەزا بە کوردی، چەند نامەیەکی کێشدار بە فارسی و هەندێ پارچە بڵاو کراونەتەوە. شیعرە کوردییەکانی کە لە بەردەستدان وا دیارە دەکرێن بە پێنج بەشی سەرەکییەوە: (١) ژیننامە و بیرەوەری؛ (٢) دڵداری؛ (٣) هەجوو و دوژمنایەتیی عەشیرەتی؛ (٤) نامەی سواڵکردن، زۆرجار لەگەڵ مەدح و پەسندان یا هەڕەشەدا؛ (٥) هەجووی خەڵکی پیسکە. ناوبانگی گەورەی ئەو، ئەو شتەیە کە ڕەخنەگرانی فارس پێی دەڵێن ''زور کلام''، واتە هێزی وشە و دەربڕین. بە داخەوە ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگە بە تەواوی ون ببێت لەو وەرگێڕانە نزیک و وشە بە وشەیەدا

کە پێـڕۆییی دەکـەم، بۆ ئەوەی دڵکێشـییـەکی زیاتر بۆ تێکسـتی کـوردی لای خـوێنەرانی زۆروزەبـەندی گـۆڤـارەکـە دروست بکەم، ئەوانەی فارسی یا پەشتۆ دەزانن.

لە کوردسـتـان لەقـەبی "شـێـخ" وەک ئەوە نییـە کە بـە عـەرەبی بە کـاری دەبەن، واتە ئەندامـی بنەمـاڵەیەکی حـوکـمـداری خێـڵـەکی، بەڵکە مـــەعنای مـــامـــۆســتـــای دینیـــیـــە، بە زۆری لە یـەکـێـک لە تەریـقـــەتەکـــانی دەروێشـــیـــدا، یـا نەوەی ئـەمـــانـە. شـــێـخ، وەک مـامـۆسـتـایەک، مـورشـیـدە، واتـە ڕێشـاندەری ڕۆحی؛ شـاگـردەکەی مـــوریدە؛ فـــیـــربوونەکـــە تەریقـــەتە، واتە "ڕێگە، ڕێچکە". مـــورید، شـاگـرد، دوای ئەوەی پەشـیـمـانیـی خۆی ئاشکرا دەکـات (تەوبە)، تەریقـەت لە مـورشـیـد "وەردەگرێت" و مـورشـیـد تەریقـەت دەدات؛ کاتێک بە تەواوی شارەزایی لە زانیـاری و کرداری تەریقـەتدا پەیدا دەکات، لەوەیە ئیجازەنامـەی پێ بدرێت و بەو جۆرە ببێتە خەلیـفە، واتە جێنشین یا جێگرەوەی مورشـیـدەکەی؛ ئیـتـر ئەویش دەتوانێت تەریقەت بڵاو بکاتەوە و بەو شـێوەیەیش دەبیتە ڕێشـاندەری ڕۆحیی نەوەیـەکی نـوێی شـــاگـــرد و مـــوریدان؛ ئـەگـــەر خـــەلیـــفـــەی تازە مامۆستـایەتییش بکات، بە گشتی لەقەبی شـێخ وەردەگرێت. هـەموو ئیـجـازەنامـەیەکی وەها دەبـێ زنجیـرەی تەواوی خـەلیـفـەکانی تێدا بێت تا دەچێتەوە سـەر ئەبووبەکر یـا عەلی بین ئەبی تالیب، ئامـۆزا و زاوای مـوحـەممەدی پەیامـبـەر، دەسـتـەڵاتی هـەرە بەرزی هـەمـوو تەریقـەتەکان. شـێـخـێک کە شـێـخـایەتیی لە بـاوک و باپیرانەوە بۆ مـابێـتـەوە، هـەر لەبـەر ئەو هۆیە نـاتوانێ ببـێـتـە مـورشـیـد و بەو

شێوەیەی باس کرا شاگرد وەربگرێت. سەیید، نەوەکانی پەیامبەر، وەک چاوەروان دەکرێت، زۆرجار تەریقەتێک وەردەگرن و زۆری پێ ناچێت دەبنە شێخ؛ ئەو شێخانەی کە هاوکات سەیید نین لە کوردیدا بەوە جیا دەکرێنەوە کە پێیان دەگوترێت شێخی بەرماڵ.

تەریقەتە دەروێشییەکانی کوردستان کە زۆرترین خەڵکیان هەیە قادری و نەقشبەندین. چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کەرکووک هەندێ ئەندامی تەریقەتی ریفاعی هەبوون، بەڵام چونکە خەلیفەیەکی دەستەڵاتداریان نەبوو چراکە بگرێتە دەستەوە، ئەم تاقمە خەریکە لە خوارووی کوردستان لە ناو بچیت، ئەگەر نەڵێم هەر پێشتر لە ناو چووە. دەڵێن ڕیفاعییەکان هونەری سەیر پێشان دەدەن و بە تایبەت بەوە ناسراون کە مارگەزراو و هار چاک دەکەنەوە.

شێخانی تاڵەبانی قادرین. ڕەزا خۆی دامەزرانی ئەم بنەماڵە شێخەی تۆمار کردووە:

> خودا، وەختێ کە حەز کا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود
> لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسوود
> لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردستان
> خودا شێخ ئەحمەدی هیندیی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود،
> مەلا مەحموودی زەنگەنە...

شاعیر لە سەری دەڕوا و وەسفی ئەوە دەکات چۆن حەوش و دیواری گۆڕەکەی مەلا مەحموود بەردەوام بە زیکری دەروێشانەی یا هوو (ئەی ئەو) و یا مەعبوود (ئەی پەرستراو) دەنگ دەداتەوە و

چۆن ئەو خـەرقـە (پاڵتـۆ)ی شـێـخـایەتیـیـەی لە شـێخ ئەحـمـەد وەرگیراوە، لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوە تا گەیشتووەتە شێخ عەلیی برای؛ بەوەیش شیعرەکە دەبڕێنێتەوە داوای لێبووردن لەوە بکات کە ئەو خۆی شایانی ئەوە نییە سەر بەو خانەدانە بێت:

ڕەزاش لەو نەسلەیە؛ بیبەخشە، یا رەب؛ چونکو قەت نابێ
گـوڵـی بێـخـار و بەحـری بێـبـوخـار و ئاگـری بێـدووکەڵ

لە کـوردسـتـان مـامـۆسـتـایانی دینی، حـەز دەکـەن، یا حـەزیان دەکرد، سامـان کۆ بکەنەوە و دەسـتەڵاتی دنیـایی وە دەست بهێنن. دوای دوو یا سێ نەوە ئەندامـانی بنـەماڵـەی تاڵەبانی (ناوەکـەیان لە ناوی دێی تاڵەبانەوە هاتووە، ئەو جێیەی مەلا مەحموودی لێ مرد و کوڕەکەی و خەلیفەکانی لە سەرەتاوە وەک مامۆستا دەستیان پێ کـرد) خـۆیـان دامـەزراند و بوون بە خـاوەنی چەند گـوندێک لە نـاوچەی قـەرەحـەسـەن، گل و تاوق، ڕۆژهـەڵات و بـاشـووری ڕۆژهەڵاتـی کـەرکـووک، ئـەمـبـەر و ئەوبەری ڕووباری سـیـروان (دیالا)، لەنێـوان کـفـری و خـانەقـیندا و، لە سـەرەوە لە کـۆیە؛ بەو شـیوەیەیش سـیفـەتی سـەرۆکخێڵ و سـەرۆکعـەشیـرەتیان وەرگرت. کاتێک هێزەکانی بریتـانیا سـاڵی ١٩١٨ کەرکووکیان داگیر کرد، شێخ حەمـیدیـان دۆزییەوە، کوڕەزازای مولـلا مەحـمـوود و ئامـۆزای هەقـی شـێخ ڕەزا، کـە وریـاترین و کـاریگـەرترین کـەسـایەتیی هـەرێمەکە بوو.

بەپێـی قـسـەی خـزمـەکـانی، شـێخ ڕەزا سـاڵـی ١٣٢٨ی کـۆچی

(١٩١٠ی زایین) لە تەمـەنی ٦٩ ساڵیدا مردووە. بەم جـۆرە ساڵی لەدایکبوونی دەبێتە ١٨٤١ یا ١٨٤٣، بە گوێرەی ئەوەی تەمـەنی بە ساڵی هەتاوی یا مـانگی بژمێردرێت. لەبەر ئەوە لەوانـەیە هەندێک بیرەوەریی منداڵانەی لەبارەی شکۆمەندییـەکانی دیوانی بەبەوە لە بیر مابێت، وەک لەم شیعرەدا وای نیشان دەدات:

لە بیـــرم دێ سلێـــمـــانی کـــە دارولولکی بابان بوو؛
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو.
لە بەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید؛
موتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو.
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا؛
سەدای مۆزیقە وو نەقـقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو.
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە،
کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانیئاسکان بوو.
بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سلێمانی زەمان، ڕاستت دەوێ، باوکی سلێمان بوو.
عەرەب! ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم؛ ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەددین، کە دنیای گرت، لە نەسلی کوردی بابان بوو.
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحـمـەت بێ؛
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو.
کە عەبدوڵلاهـ پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد،
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تفڵی دەبستان بوو.

گردی سەیوان گردێکی بچکۆلەیە لە دەرەوەی سولەیمانی، کاتی خۆی، وەک ناوەکەی پێشانی دەدات، ئەو جێیە بوو کە خێوەتە گەورەکەی میوانداریی لێ هەڵدرابوو، ئێستا گۆڕستانە. کانیئاسکان، ئێستا بووەتە ناوی گەڕەکێکی شارەکە. ئەورەحمان پاشا، باوکی پاشایان سولەیمان و مەحموود، ئەندامی سەرەکیی هاوپەیمانییەک بوو، کە ساڵی ١٨١٠، بەغدادی گرت، کوچک سولەیمان پاشای لەسەر تەخت لا برد و عەبدوڵلا ئاغای لە جێگەکەی قوت کردەوە، بەم ئاغایە دەگوترا توتونچی. ئەم ڕووداوە لەلایەن ج. م. کینئەیرەوە باس کراوە لە کتێبی "بیرەوەرییەکی جیۆگرافیی ئیمپراتۆریای ئێران، ١٨١٣"دا. سەیید حوسەین موکریانی مێژووی سەرکەوتنی عەبدوڵلا پاشا بە ساڵی ١٨٣٩ی زایین دادەنێت، کە دەکاتە دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی شاعیر؛ ئەو ئازادییەی لە دیاریکردنی ڕاستییە مێژووییەکاندا بە کار هێنراوە، بۆ لێبووردن دەشێت لەبەر کەفوکوڵی نیشتمانپەروەرییانەی.

شێخ ڕەزا، کە گەنج بوو، بە گوێرەی سەردەمی خۆی سەفەرێکی زۆری کردووە. نزیکەی هەشت ساڵی لە کۆنستانتینۆپڵ بردووەتە سەر، لە سایەی سەروەریی کامیل پاشای گەورەوەزیردا؛ ماوەی دوو ساڵ مامۆستای فارسیی کوڕەکانی خدێویی میسر بوو؛ چوو بۆ مەککەیش بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەج. لە دواییدا لە شاری کەرکووک، لەناو خزمەکانیدا، نیشتەجێ بوو.

ئەم چیرۆکەی خوارەوە، کە دژی خۆیشییەتی، لەبارەی ڕووداوێکەوە لەگەڵ برازاکەیدا، وەک ئەو دوو شیعرەی پێشووتر،

دەکەوێتە بەر بەشی یەکەم:

برازا عەزیزەکەم

ڕووم کـــردە بـەزمـی خـــاسـی برازا عـــەزیزەکـــەم
ئەمـشـەو، بە سـەد تەوازوع و ئـیخـلاس و سـەرکزی.
نواڕیم لـە درزی قـــاپیـــیـــەوە، خـــۆی و تابیـــعـــان
دانیـــشـــتـــبـــوون دووڕیزە لە دەوری خلـەی کـــەزی.
دەتوت تـەمێ کـرابـوو بە مـەخـسـووسـی قـاپیـەوان؛
خۆی کرد بە نێرەتورک و وتی: ؛؛کیم بیلیر سزی؟"
پێم وت: "منم، فـلانـەکـەسم، مــامــە شــێخ ڕەزام؛
بیلمەزمیسین، خومەییس ئەفەندی، مەگەر بیزی؟
ئـەم ســەددی بـابە بۆ منە؟ ئیـــزهـار کـــە تا بڕۆم،
یان مـەرحـەمـەت کە، حـیزە، لە سـەرمـا گونم تەزی.
وەخـتێ کـە لـەم مـوعـامـەلە زانیم غـەرەز چییـە،
دەرحـــاڵ گـــەڕامـــە دواوە،ئەمما بە عـــاجـــزی.

ئەم خـــزرە حـــەکـــایەتخـوێنێکی ناودار بـوو، چیـرۆکی خـۆشی دەگێـڕایەوە. لەو وڵاتانـەدا کـە ناسنـاو (پاشناو، ناوی خـانەوادە) نییە، ئاساییە پیاوێک بە ناوی خۆی بناسرێتەوە و بە دوویدا ناوی باوکی بهێنرێت. لە کوردستان، نائاسایی نییە، وەک لەم بارەدا، کە پیاوێک بە ناوی دایکیەوە بناسرێت. زانای کورد سەرنجی ئەوەی داوە کە دوو جار ئازادیی بچووکم داوە بە خۆم لە تەرجەمەکردنی

دێڕی پێش دوایین بەیتدا. ئەو جۆرەی کە ئێمە شێخ ڕەزا دەناسین، وای بۆ دەچین ئەو کەمتر بە هەڵسوکەوتی بێڕێزانەی برازاکەی تووڕە بووە، وەک لەوەی چیرۆکەکانی خزری لە دەست دەرچوون.

لەو تاکە شیعری دڵدارییەدا کە لە ئەنجومەندا بڵاو کراوەتەوە، هیچ شتێکی ڕەسەن و خۆش نییە کە تایبەتی بێت.

بنەماڵەی تاڵەبانی تەقریبەن هەمیشە دوژمنایەتیی لەگەڵ دراوسێ خێڵەکییەکانیدا هەبووە. ڕەنگە یەکێک لە بەرهەمە هەرە ناودارەکانی شێخ ڕەزا دانەیەک بێت سەر بە بەشی سێیەمە، شیعرێکە لە ١٠٢ دێڕ پێک هاتووە، وای پێشان دەدات کە باسی باوەڕ و بۆنە دینییەکانی کۆمەڵگەی ئەهلی حەق دەکات، کە لەناو خەڵکدا بە عەلیئیلاهی ناسراون (یەکێ لە هاوسێکان سەر بەم کۆمەڵگەیە بوو)، بەوە تەواو دەبێ کە وەسفێکی بەزم و عەیش و نۆشی ئەو کۆمەڵگەیە لە تاریکیدا دەکات. ئەوان و زۆربەی گرۆ نهێنییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژاوا، پێم وایە، بە هەڵە تاوانبار دەکرێن. من هەرگیز لە هیچ ئەدەبێکدا پارچەشیعرێکی وەسفکردنی وەهام نەبینیوە کە هاوکات هێندە (دەبێ پێی لێ بنرێت) بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەهێز بێت و هێندەیش ئاوڕووبەرانە بێت. زۆر چاکە، کە لە هیچ کام لەو کۆمەڵە بەرهەمانەدا کە باس کران، نەبینراوە، بەڵام دەگوترێت ساڵی ١٩١٩ لە کۆنستانتینۆپڵ، لە وەرزنامەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە. دەبێ لە دڵەوە هیوادار بین ئەم شیعرە حەیابەرە، ئەو ڕۆژەی کاتی ئەوە دێت، ئەگەر وا ڕووی دا، دیوانی شێخ ڕەزا بڵاو

بکرێتــەوە، جــارێکی دیکە بە چاپکراوی نەکـەوێتــە بەرچاو. ئەو نوســخــە دەســتنووســەی لای منە، بە هـەر حـاڵ، بـە وریایی قـایم دەکرێت و هەڵدەگیردرێت.

لە ئەنجـومـەندا شـیـعـرێکی کـورتی هەر لـەم بابەتە هەیە باسی ســەرکــەوتنی تاڵەبانی دەکــات بەســەر هاوپەیمانـیــیـەکی سێ عــەشــیــرەتدا. بەڵام ئەمــەیش، بە هۆی ئەوەوە کــە لە دیمـەنی پیـلانگێـڕییـەکـەدا هێـمـای بریندارکـارانەی بۆ دینـی ئەهلی حـەق تێدایە، هەروەها لەبەر وەسفکردنی ناشـیرینی نیشانەکانی ترس کە لە هاوپەیماناندا دەرکەوتن کاتێ گەنجانی تاڵەبانی هێرشیان کردە سەریان، من ناتوانم بیگوێزمەوە ئێرە.

لە خــوارەوە سێ نموونـەی کـورتی نامــەی داواکـردنی کـۆمــەک (نامـەی سـواڵکردن)، کە ســەر بە بەشی چوارەمن، دەخـوێنینەوە. یەکەمیـان پارچەیەکی هەڕەشەکارییە؛ سێیەم، ئەگەر هەڕەشـەیش نەبێت، وای دادەنێت کە ملدان شـتێکە بێ ئەمـلا و ئەولا؛ پەسندان (مــەدحکردن) هەر بـە ســروشــتی خــۆی دڵکێش نیــیــە و هـیچ نموونەکیش نییە بە تایبەت شایانی بڵاوکردنەوە بێت.

بەرخەنێر

قـەومـەکان، بەو زاتە وا حـوکمی لەسـەر بـەحر و بەڕە
بەرخــەنێـرێ گــەر نەنێـرێ هەر کــەسێ خــاوەنمەڕە،
دێم بە گـژیا، دەیدڕم، گـەر فـیلمـەسـەل شـێـری نەڕە.
با نـەقــەومــێت و نەزانن ئەم هەمــوو شــۆڕ و شــەڕە
گشت لەســەر بزنێ شـەل و کـاوڕێ گەڕ و بەرخێ لەڕە.

کەڵەشێرێ

کـەڵەشـێـرێ بە ڕەزا لازمـە، کـرمـاشـانی
زیرەک و چابوک و دەمگەرم و دڕ و شـەڕانی؛
کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر،
پڕ بە دەم بیـپـچـڕێ وەک سـەگی هەورامـانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕایڕفـێنێ بە شـەقێ مـیـسلی کـەری تالانی؛
بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میـری بەیات
بە جـەسـامـەت وەکو کوێخـا زلەکەی بیـبـانی.
ئەی نەقـیـبـزادە، بنێـرە کـەڵەشـێـرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سـەگەکەی قـاپیـیـەکەی گـەیلانی

هەورامان ئەو بەشەی زاگرۆسە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی شارەزوور؛ لە مەودایەکدا لووتکەی شاخەکە بووەتە سنووری نێوان عیراق و ئێران. مەبەست لە ئیشارەتکردن بۆ کەری تالانی ئەوەیە کە لە هەموو کاتێکدا زەحمەتە زۆری لێ بکەیت بڕوات؛ هەموو منالێکی کوردی خوێندنگە ئەمە دەزانێت، هەولێکی گەورەی مرۆڤانەی دەوێت، بتوانیت کەرێکی تالانکراو بدەی لە بەر، پێش ئەوەی ئەوانەی کەوتوونەتە دوای تالانکاران (خاوەنەکان) بیانگەنێ. بەیات خێڵێکن دەڵێن لە بنەچەدا لە خۆراسانەوە هاتوون، ئێستا بەشێکیان بە تورکی قسە دەکەن و بەشێکیان بە

عەرەبی، لە نزیکی تووز خورماتوو، باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک دەژین. بیبانی گوندێکە لەنێوان کەرکووک و ئاڵتوون کوێپرو. لەو بەیازەدا کە لە پاشنووسی ئەم وتارەدا باس کراوە چوار دێڕی زیادە هەیە لەنێوان دێڕی هەشت و دێڕی نۆدا، کە ئەمین فەیزی، دیارە جێیی سەرسووڕمان نییە، لە ئانتۆلۆگییەکەی خۆی دەریهاوێشتووە. نەقیبزادە، کە نامەکەی بۆ نێردراوە، سەیید نووریی نەقیبە، کە ئێستایش لە سلەیمانی دەژی. ئارامگا و مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا بارەگای تەریقەتی دەروێشانەی قادرییە.

تووتن

تۆ کەمنەزەری دەرهەقی من ئێستەکە ئاغا؛
من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا؛
بۆ تووتنەکەی بێشەمە وو شاور و شێتنە
شێت بووم و نەهات؛ وەختە دڵم دەرچێ لە داغا؛
جاران چ بە جاغ و چ بە بار بۆت ئەهەناردم
نایننێری ئەمێستە نە بە بار و نە لە جاغا.
ڕێی نەوتەکە، باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی،
ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە، با بێ بە بلاغا.

دەڵێن ئەم نامەیە بۆ حاجی ئەسعەد ئاغای حووەیزیی کۆیسەنجاق نووسراوە. شاور دۆڵێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کۆیەوە و تووتنی شاور بەرزترین پلەی تووتنی کوردییە. شێتەنە

دێیەکە؛ بێشەمە ناوی تووتنێکە بۆنێکی تایبەتی خۆشی هەیە. ڕێگای چاڵەنەوتەکە لە ڕۆژاواوە دەهاتە ناو کەرکووک، لەو جێگایەوە کە ئێستاکە کێڵگەی کۆمپانیی نەوتی عیراقە. خاسە ئەو چەمە پان و بەردینەیە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دێت و بەناو کەرکووکدا دەڕوات، زۆرجار وشکە. بلاغ کانییەکە لە داوێنی ئەو گردەدا کە کڵێسا کۆنینەکەی شەهیدانی کەرکووکی بەسەرەوە بوو. کڵێساکە ساڵی ١٩١٨ بە تەواوی ڕووخا کاتێک سەرانگوێلکی جبەخانەیەکی تورکی تەقییەوە. گەڕەکی ژووروو شارەکەیش بە ناوی ئەو کانییەوە ناو نراوە. دێڕی پێنج و شەش لە ئەنتۆلۆگییەکەدا نین؛ لەبەر ئەوەی لە بەیازەکەدا هەبوون، لێرەیش زیاد کراون. هەر بە یارمەتیی ئەو بەیازە یەک دوو وشەیەک ڕاست کراونەتەوە لە جێگەی دیکەدا.

لە کۆتاییدا، بۆ پێشاندانی بەشی پێنجەم، لە خوارەوە نموونەیەکی ڕێزنەگرانە دەگوێزمەوە، لەبارەی ئەسپێکەوە بە دیاری بۆی هاتووە:

ئێستری دیاری

میر بە سەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
چوارپەلی سست و سەقەت، ئەندامی هەر وەک عەنکەبووت.
خاوەنی ئالیکی، ناڵێم، پێ نەداوە موتڵەقا
داویەتێ، ئەمما، وەکو بیستوومە قووتی لایەمووت.
پشتی ڕیش و شانی زامدار و جەدەو بوو، ناعیلاج
چەند قرووشێکم هەبوو بۆم دا بە نەوت و عەنزەرووت.

سـەی فـەتـاحی مـەیتـەرم ڕۆژێ بـە حـیـجـجـەت لێی نەوی،
کلکی دەرهـێنا لـە بن، ئەنجـا بـە ئاسـتـەم گـوێی بزووت.
گـــەرچی نـاتـوانێ ببـــزوێ، هێند لـەڕ و کـــەمــقــووەتـە،
دەنکەجـۆییێکی نیـشـان دەی، تـا قـیـامـەت دێ لە دووت.
پووش لە لای حـەڵوایە، حـەتـتـا گـەر پەڵۆشـەی چنگ کەوێ،
بـای دەدا، لوولـی دەدا، قـــووتـی دەدا مـــانەندی حـــووت.
گـەر قـەڵەو بێ ئـەم ئەجـیننەی نێـرە، چار ناکـرێ مـەگـەر
شـێخی ڕەفـفـاعـی عیـلاجی کا بە ئـەسـمـای جـەلجـەلووت،
مـــەســـڵـــەحـــەت وایـە هـەتـا نـەیـخــواردووم، بینێــرمـــەوە؛
زۆر دەترسم دەفـــعـــەیێ قــووتم بدا، بمکا بـە قـــووت.

ئەوەی ئەم نامەیەی بۆ نووسراوە میرانی خزر بەگی عەشیرەتی خۆشناوە، باپیرەی میرانی قادر بەگ، کە ئێستا وەک نوێنەری هەولێر ئەندامی پارلەمانە. مەبەستی دێڕی یەکەم ئەوەیە کە هێسترەکە نە لغاو و نە زین و نە جلێکی لەگەڵ نەبوو. دەڵێن عەنزەرووت گیایەکە گوڵێکی زەردی ژاراویی هەیە، لە شێوەدا لە گوڵی تووتن دەچێت؛ بە گشتی بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەبرێت کە لێرەدا باس کراوە. تەریقەتی دەروێشانەی ڕیفاعی لە سەرەوە باس کـرا. جـەلجـەلووت وا پـێ دەچێت یەکـێک بێت لـە هەبووە ناسروشتییەکان کە لەبەر هێز و توانستیان بانگ دەکرێن (پەنایان بۆ دەبرێ).

# ٣

گیبۆن (لە کتێبی لاوازبوون و ڕمان، پاژی ٣٤دا) لەناو حەکایەتە بێتامەکانی سەرەتای مێژووی مەسیحایەتیدا، حەکایەتی لەبیرنەکراوی حەوت خەوتووەکەی ئێفێسوس جیا دەکاتەوە، ئەو حەوت گەنجە مەسیحییەی لە لایەن ئیمپراتۆر دێکیووسەوە، لە ئەشکەوتێکدا بەند دەکرێن و ئەوانیش ماوەی سەد و هەشتاوحەوت ساڵ دەخەون تا سەردەمی حوکمڕانیی تیۆدۆسیووس. ئەمە لە سوورەتی هەژدەیەمینی قورئاندا، سوورەتی ئەشکەوت، بە چاککارییەوە دووبارە کراوەتەوە. لەوێدا ماوەی خەوتنەکە کراوە بە سێسەد و نۆ ساڵ و وێنەیەکی جوانی لێ زیاد کراوە: ''سەگەکەیشیان لە بەردەرگا پاڵ کەوتووە و چوار پەلی لێ ڕاکێشاوە.'' لەبارەی ژمارەی ''هاوڕێیانی ئەشکەوت''ەوە، کە ناوی خەوتووەکانە لەوێدا، قورئان دەڵێ:

هەندێ دەڵێن: ''خۆیان سێ بوون؛ سەگەکەیشیان چوارەمین''؛
هیی دیکە دەڵێن: ''پێنج بوون، سەگەکەیان شەشەم''؛
هیی دیکەیش دەڵێن: ''حەوت، سەگەکەیشیان هەشتەم.''

مەلایانی موسڵمان ئەمەیان وا تەفسیر کردووە کە ژمارەی هاوڕێیان سەگەکەیش دەگرێتەوە و لەبەر ئەوە، ئەویش بەر ئەو دڵنیاییە دەکەوێت کە دەچنە بەهەشت.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بەغداد مرد و لە بارەگای مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا نێژراوە. بەردەنووسی کێلی گۆڕەکەی بە فارسییە و خۆی پێش مردنی هۆنیبوویەوە و ئیشارەت بۆ ئەم داستانە دەکات:

یا رسول الله! چه باشد، چون سگ اصحاب کهف
داخل جنت شـــوم در زمـــرهء احـــبـــاب تو؟
او رود در جنت و من در جـــــهنم کی رواست؟
او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو.

## پاشنووس

دوای تەواوکردنی ئەم وتارە دەستم گەیشتە بەیازی شیعرەکانی شێخ ڕەزا کە لای شێخ حەبیبی تاڵەبانیی هاوڕێم بوو (شێخ حەبیب، وەک خۆی دڵنیای کردم، برای بچووکتری "برازا عەزیزەکەم"ـە، نەک خۆی). شێخ حەبیب وەک نوێنەری کەرکووک ئەندامی پارلەمانە و ئێستا (١٩٣٤) سەرۆکی شارەوانیی ئەو شارەیە. زەحمەتە یەکێک لە بنەماڵە گرنگەکانی باکووری عیراق، کورد بن یا هیی تر، لە زمانی تیژی ڕەزا ڕزگاری بووبێت. من لێرەدا تەنیا کارم لەگەڵ شیعرە کوردییە "هێمن"ـەکانیدا کردووە، ئەوانەی لە ئانتۆلۆگییەکە و لە دیاریی کوردستاندا هەبوون. خوێندنەوەی وردی بەیازەکە ئەوە پێشان دەدات کە شێخ ڕەزا هەموو ئەو شتانە بووە کە باسم کردن و بگرە زیاتریش. مرۆڤ سەری سڕ دەمێنێت لە وزەی نووسین، لە شارەزایی وەستایانەی هونەری شیعر و لە بیری هێرشبەرانە کە هەر هەموو لەم پیاوە نائاساییەدا کۆ بوونەتەوە.

سوپاس بۆ برازای خۆشەویستم نەبەز شاکەلی کە لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە و کتێبەکانی دیکەیشمدا یارمەتییەکی زۆری دام.

فەرهاد